
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە



## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت تۆمارکردنی هەورامان لە یوونسکۆ

هەورامان وەک ناوچەیەکی دێرین، بە خەرمانێک دەسکەوتی مێژوویی لە بواری ئەدەب، سیاسەت، کەلەپوور و لە هەمووان گرینگتر بە پاڵپشتیی سەرجەم شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کورد ناسراوە.
خۆشحاڵین لە دوایین بڕیاری یونسکۆدا، بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچەیە خرایە ناو لیستی شوێنەوارە گرینگەکانی مرۆڤایەتی لە جیهاندا. ئەم بڕیارەی یونسکۆ نیشانی دا کوردستان خاوەنی مێژوویەکی دێرین و نەتەوەی کورد پشتئەستوور بە شارستانییەتی کۆنە.
بەم بۆنەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردپەروەر و خۆڕاگری هەورامانی ڕۆژهەڵات و گشت هەورامان دەکەین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٩ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٠٤، هەینی ١٥ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٦ی ئاگۆستی ٢٠٢١

پێناسەیەکی کورتی ٢٥ی گەلاوێژ ٤



گۆلی ورمێ لە زیندووبوونەوە هەتا تۆفانی خوێ!! ٦



گرینگیی ناسین و جیاکردنەوەی قەیرانە دەستکردەکانی ڕێژیم ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# «دەوڵەتی ئینقلابی»؛ سەرکوت لە نێوخۆ و ئاژاوە لە دەرەوە




ڕێوڕەسمی دەسبەکاربوونی ئیبراهیم ڕەییسی سەرکۆماری نوێی ڕێژیم ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژ لە مەجلیسی ڕێژیم و لەژێر کەشێکی تەواو ئەمنیەتی و پۆلیسی لە ئێران بەگشتی و تاران بەتایبەتی بەڕێوە چوو.
لەم ڕێوڕەسمەدا ڕەییسی وەک هەشتەمین سەرکۆماری ڕێژیم، لەسەر چەند دەستەواژە و چەمکێکی سواو بۆ کۆماری ئیسلامی کە لە ناخی خۆیاندا نۆرم و بەهای جیهانین و جێگەی ڕێز بۆ خەڵکانی دونیان پێداگری کردەوە؛ لەوانەش مافەکانی مرۆڤ!
ناوبراو لە ئاخاوتنێکدا باسی لەوە کرد کە «ئێمە داکۆکیکاری ڕاستەقینەی مافەکانی مرۆڤ»ین کە لە «ئێرانی نوێ»دا ڕەچاوی دەکەین و بە سازکردنی «دەوڵەتی ئینقلابی» هەر چەشنە دەسدرێژییەک بۆ سەر مافی مرۆڤە بێتاوانەکان، چ لە ئامریکا بێت یان ئورووپا یان یەمەن و فەلستین و سوریە مەحکوم دەکەین و بەرەڕووی دەبینەوە!
بە وتەی ناوبراو «ئێرانی سەدەی پازدە»، «پەیامی گۆڕانخوازی، دادپەروەری، سەربەخۆییخوازی و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر زێدەخوازییەکانی ستەمکارانی پێیە!».
ئەم قسانەی ڕەییسی لە ڕێوڕەسمی مالاوایی کردنی ڕوحانی و هاتنەسەرکاری خۆی لەکاتێکدایە کە تەنیا چەند ڕۆژ پێش لەم ڕێوڕەسمە بە بەرچاوی دنیاوە خەڵکی نارازی لە چەندین هەرێمی ئێران و یەک لەوان هەرێمی ئەحواز بەرامبەر بە سیاسەتە هەڵە و ناکارامەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقامەکان و دژ بە تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی دروشمیان دا؛
خۆپیشاندانگەلێک کە لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا چەندین ناوچە و پارێزگای دیکەی ئێرانیشی گرتەوە و جارێکی تر بۆ هەموو دنیای ڕوون کردەوە کە کۆماری ئیسلامی لای خەڵکانی ئێران هیچ ڕەواییەکی نەماوە و تەنیا هۆکاری مانەوەی بریتییە لە بوونی هێزی سەرکوتی ڕێژیم و دەستی ئاژاوەچییانەی لە دەرەوەی سنوورەکان کە لەژێر سێبەری هەندێک مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە پەردەپۆش دەکرێت.
قسەکانی ڕەییسی لەپێوەندی لەگەڵ هەوڵدان بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران لەڕاستیدا هەوڵێکی تر بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵک کردنە لەمەڕ درێژکردنەوەی تەمەنی کورتی ڕێژیم؛ ئەو لە کاتێکدا باس لە ئاسایش و ئارامی دەکات کە هەنووکە مەجلیسی ڕێژیمەکەی سەرقاڵی چەسپاندنی گەڵاڵەی ناسراو بە «سیانەت لە دنیای خوازەکی»یە و هەر ئەم مەسەلە جیا لەوەیکە کەشێکی ڕەوانی خراپی بۆ خەڵک ساز کردووە و ئارامی لێ ئەستاندوون! بەڵکوو بووەتە هۆکارێکیش بۆ نەهێشتنی کاروکاسپی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە لە ڕێگەی دنیای خوازەکییەوە هەوڵی دابینکردنی بژێوی ژیانیان دەدا!
کەواتە ئەم ئاسایش و ئارامییەی کە ڕەییسی باسی لێوە دەکات مەگەر لە چین، کۆرەی باکور یان کوبای هاوپەیمانی تاراندا ببینرێتەوە! بەواتایەکی تر ئەو ئارامییەی کە بەڵێنی بۆ داوە، ئارامییەکە بۆ دەسەڵات نەک خەڵک چونکە لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی، «ئێران» نەک وەک یەکەیەکی جوغرافیایی بەڵکوو لە قەوارەی دەسەڵاتی جەماراندا دەبینێتەوە و هیچی تر.
جیا لەم مەسەلەش وەک زۆرێک لە کارناسان باسی لێوە دەکەن ئامانجی ڕەییسی لە بەکارهێنانی دەستەواژەی «دەوڵەتی ئینقلابی» لەڕاستیدا دوو ڕەهەندە:
یەکەم دەوڵەتێکی ئینقلابی ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکان کە وێڕای درێژەدان بە سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانی پێشووتر، کە ڕوونە لە چوارچێوەی دۆکتۆرینی خومەینی و خامنەیی بۆ شۆڕش پێناسەی بۆ دەکرێت، تێیدا هەوڵ بۆ ئاژاوەنانەوەی زیادتر، دەستێوەردانی زیادتر و گێرەشێوێنی زیادتر دەدرێت. سەلمێنەری ئەم وتەیەش دەتوانێ هێرش و پەلامارەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی تاران بۆ سەر بەلەم و پاپۆڕەکانی ئیسرائیل و هەروەها قسەکانی حەسەن نەسروڵا لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی سووتەمەنی و دەرمان بۆ لوبنان بێت. بەو واتایە کە کۆماری ئیسلامی زیادتر لە ڕابردوو هەوڵ بۆ دەسئاوەڵاهێشتنەوەی گرووپگەلی وەک حیزبوڵا لەمەڕ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خۆی دەدات و پەلاماری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش دەکاتە سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچەیی.
ڕەهەندی دووهەم لەڕاستیدا پێوەندی بە نێوخۆی ئێرانەوە هەیە واتە دەوڵەتی ئینقلابی مزگێنیدراو لەلایەن ئیبراهیم ڕەییسییەوە بۆ خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران بریتییە لە سەرکوتی زیادتری نارازییان و جیابیران، گرتن، لێدان، کوشتن و ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژینگەپارێزی کە خوازیاری سەرەتاییترین مافەکانیانن تاکوو بەم شێوازە وەک ئاماژەی پێکرا لە هاوپەیمانە ملهوڕەکانیان واتە چین و کوبا و کۆرە وەدوا نەکەون و بتوانن وەک پێشوو و باشتر لە ڕابردووش ببنە براوەی ئەم کێبڕکێیە لە سەرکوت و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.
جا لێرەدایە کە جارێکی تر گرینگیی هەبوونی هاوپەیمانییەک لە ئاستی سەرانسەری و لەنێو گەلانی ئێران خۆی دەنوێنێتەوە کە ئەگەر پێک نەیەت و ئەنجام نەدرێت و هاواهەنگی باشتر و بەپلانتر نەیەتە کایەوە، ئەوا دەبێ چاوەڕوانی ڕۆژگارێکی تاڵتر لە ڕابردوو ببین کە لە سێبەری «دەوڵەتی ئینقلابی»دا و بە ڕێنوێنی فەرمانی «آتش بە اختیار»ی خامنەیی دژ بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران ئەنجام دەدرێت.

## پەیڤ

### زیندانی نێو زیندان

**کەریم پەرویزی**

ژیان کردن لە ئێرانێکدا کە سیستمی کۆلۆنیالیستیی لەسەری حاکمە، نەك ژیانێکی ئازادانە و بەختەوەرانە نییە و ژیانێکە پڕ لە چەرمەسەری و سووکایەتی پێکران، بەڵکوو دەتوانێ بە کات بەسەربردن لە زیندانێکی گەورە بە ناوی ئێرانی ژێرچەپۆکەدا ناوی ببەی.
کۆلۆنیالیزمی حاکم، جوغرافیای بەرفراوان و فرەنەتەوەیی ئێرانیان کردووە بە زیندانێکی گەورە و پان و بەرین کە مرۆڤەکان تێیدا لەدایك دەبن و کات بەسەر دەبەن و بە چەرمەسەری و بە کۆڵەبارێکی سووکایەتی پێکرانەوە، کۆتایی بەژیانیان دەهێنرێ.
لەم زیندانە بەرفراوانەدا، لە هەموو شارێکدا کۆماری ویلایەتی فەقیهی، زیندانێکی دیکەشی دروست کردووە و ئەو مرۆڤانەی کە بە تۆزقاڵێك جۆرێکی دیکە بڕواننە دونیا و دەوروبەر، دەسبەسەریان دەکا و لەزیندانی دیکەیان دەخا تاکوو ئارامیی زیندانە گەورەکە نەشێوێنن!
لە نێو زیندانە بتوونی و درگائاسنینەکان و بە نیگابان و جەللادەکانی خامنەیی تەنراودا، ئەوەی سەیرە کە دووبارە زیندانی دیکە دروستکراوە! ئەوانەی دەسبەسەر دەکرێن و لە زیندان دەخرێن، لە نێو خودی زیندانیشدا زیندانی دیکە دەبیننەوە، بەڵام ئەم کاتە بەشێك لە زیندانییەکانن کە بوونەتە زیندانبان!
لەم ڕۆژانەدا دەنگێکی ئازا هاواری کرد کە زیندانییانی نەتەوە بندەستەکان، لە نێو زینداندا لەلایەن هەندێك لە زیندانییانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست پەراوێز دەخرێن و دڕکەتەل بەدەوری بیر و باوەڕیاندا دەکێشن!
مۆژگان کاوسی، زیندانیی کورد هاواری کرد کە لە زیندانی ئێوین، لە بەندی جەنگەڵ! بەشێك لە زیندانییە فارسەکان گوشاری فیکری و دەروونی بۆ سەر چالاکانی نەتەوە بندەستەکان دێنن کە ئەوانیش وەکوو خۆیان زیندانیکراوی دەستی ڕێژیمێکی ستەمکارن! هەڵبەت هەر لەوێش دەڵێ کە بەشی دیکەیان هەیە کە وانین.
ڕەنگە وا بێتە بەرچاو کە لە زیندانی بە پانتایی ئێراندا و دوایەش لە نێو زیندانە دیواری و بتوونییەکاندا، ڕێژیمێکی ستەمکار دەسەڵاتدارە و ئەوە وا دەکا کە کرداری مرۆڤەکان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکی بەڕێوە برد

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاستی بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکان و هەیئەتەکانی ناوەند، کۆبوونەوەیەکیان بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە برد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری لە سەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکەدا چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

«هیجری» لەسەر ئەو ئەرکانەی کە ئێستا دەکەوێتە سەر شانی ناوەندی هاوکاری لە بارودۆخی سیاسی و هەنووکەیی ئێران و هەروەها بزووتنەوە جەماوەری و ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە بەرانبەر ڕێژیم بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکان و ئاستی خزمەتگوزاریی وڵامدەر و هاتنە سەر شەقامەکانی خەڵک لە پارێزگای «خوزستان» کە چەندین شاری دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، لێکدانەوەیەکی پێشکەش کرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا بەشداربووان ڕا و بۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان باس کرد و زیاترجەختیان لەسەر بابەتە سیاسییەکان کرد کە بۆ هاوکاری و هاوخەباتی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا پێویستە. ناوەندی هاوکاری پشتیوانی لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکانی ئێران کرد و وەک ئەرکێکی هەنووکەیی جەختی لەسەر کردەوە و بە پێویستی دەزانێت لەگەڵ خەباتگێڕانی نەتەوەکانی دیکە و دێموکراسیخوازانی ئێرانی بە گشتی هاوئاهەنگی و هەماهەنگی زیاتر بۆ بەرینترکردن و پەلهاویشتنی ناڕەزایەتییەکان بکرێت. لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، هەندێک بابەت و بڕگەی تایبەت بە کاروباری ناوەند خرایە بەر باس و ناوەند لەو بارەوە بڕیاری پێویستی دایەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٤ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# سپاسنامەی بەرەی عەرەبی بۆ ئازادیی ئەحواز لە حیزبی دێموکرات

بەرەی عەرەبی بۆ ئازادیی ئەحواز لە پەیامێکدا سپاسی پشیوانیکردن و پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هاوپێوەندی، بەردەوامی، هاوئاهەنگی لە پێکەوە کارکردن بۆ هەمیشە هەژمونیی دەوڵەتی ناوندی بەرە وڕووخان دەبات.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە: برایانی ئازیزی خەباتکار، لێپرسراوی گشتی، ئەندامان و کادرکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران! سپاسێکی گەرم لە بەدواداچوون و هاوپێوەندیی ئێوە لەگەڵ برایانی خۆتان، خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەحواز دەکەین، ئێمە نەتەوەی غەیرە فارس کە لەژێر داگیرکاری و ستەمی ئێران بە هەموو دەستە و ئیدئۆلۆژییەکانیەوە ئازار دەکێشین و لە نەخشەی ئێراندا بە کەمینە دەناسرێین، بەڵام ناوەندی نەگەتیف، مافی نەتەوەکانی دیکەی لە پەراوێز و ژێر ستەم خستووە و لە سەروەت و وزە و ستراتیژیی ئەو خەڵکە بۆ بەرژەوەندییە شۆڤێنیستییەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت. ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە ڕاستای بایەخ و یاسا نێونەتەوەییەکان و مرۆڤ دۆستانەکان، هیچ باوەڕێکی بە پێکەوەژیان لەگەڵ خەڵک و وڵاتانی ناوچەکەدا نییە و هەروەها هیچ باوەڕێکی بە شێوازی دروستی ئەخلاقی و ئینسانی و دانپێدانان بە مافی نەتەوە و کەمینەکانی دیکە دا نییە. هاوپێوەندی، بەردەوامی و هاوئاهەنگی و کاری ئێمە بۆ هەمیشە هەژمونیی دەوڵەتی ناوندی بەرەو ڕووخان دەبات و پرۆژەی کاری ئەوان و دەستێوەردانی ئەوان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بە تایبەت وڵاتانی عەرەبی بەرەو شکست دەبات. نەتەوە غەیرە فارسەکان هیچ بەرپرسیاریەتییەکیان لە بابەت ئەو شتەی کە ئەو باندە ئەنجامی دەدەن و لە خوارەوەی ئەخلاقی ئینسانییە، نییە.

**بە سپاسەوە**
**‹›مەحموود بەشاری››**
**لە دامەزرێنەرانی بەرەی عەرەبی بۆ ئازادیی ئەحواز و سکرتێری پێشووی ئەو بەرەیە**

# کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری» پەردەی لەسەر لا درا




لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا و بە ئامادەبوونی بەشێک لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کادر، پێشمەرگە و میوانان، پەردە لەسەر کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری» لا درا و خرایە بەر دیدی ئۆگرانی ژیان و خەباتی شەهید «لوقمان مێهفەر».

کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری» لە نووسین و کۆکردنەوەی «قادر مێهفەر» کوڕی شەهید «لوقمان مێهفەر» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەردەی لەسەر لادرا.

ئەو کتێبە کۆکراوەیەکە لەسەر ژیان و خەبات و تێکۆشانی زیاتر لە ٤٠ ساڵەی شەهید «لوقمان مێهفەر»، شەپۆلی بەرینی هاوخەمیی خەڵکی کوردستان و وەفادارانی ڕێبازی حیزبی دێموکراتە بەرانبەر بە بنەماڵەی مێهفەر بەنیسبەت شەهیدبوونی شەهید «لوقمان مێهفەر».

سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێورەسمەکەدا «قادر مێهفەر» نووسەری کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری»، باسی لەسەر ئامانجی بنەماڵەی مێهفەر بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێورەسمە و لە چاپدانی ئەو کتێبە کرد و وتی: «پەرتووکی لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری تایبەت بە کۆچی دوایی کاک لوقمان مێهفەرە و گۆشەیەک لەو شەپۆلە بەرینەی هاوخەمی و هاوسۆزییە کە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی و کەسایەتییەکان و تەنانەت هێز و لایەنە سیاسییەکانی لەو بارەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەر بە شێوەی نووسراو بەتایبەتی دەریان بڕیوە».

ناوبراو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وتی: «ئەم پەرتووکە دوو مەبەستی سەرەکیی هەیە، یەکەمیان هەوڵێکە بۆ بە ئەرشیف کردن و پاراستنی ئەو نووسین و بابەت و پەیامانە کە هەم لە بواری سیاسی و هەم لە بواری تەشکیلاتییەوە دەچنە خانەی بەڵگەنامەیی ڕێکخراوەوە واتا هەمان ڕێکخراوی کە کاک لوقمان خەباتی تێدا کردووە و هەم لە بواری ئەدەبیشەوە لێوانلێون لە هەستی حەماسی و ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕی تێیاندا بەرچاوە کە خۆی لە خانەی ئەدەبی بەرگریدا دەبینێتەوە، دووهەمیان ڕێزگرتن و ئەمەگداری و وەفای ئێمە وەک بنەماڵەی شەهید لوقمان مێهفەرە بۆ تێکڕای ئەو ئازیز و خۆشەویستە بەڕێزانەی کە بەدوای کۆچی دوایی کاک لوقمان هاوبەشیی خەمی ئەو کۆستە مەزنەیان لەگەڵ کردین و بە نموونەش ئەو نووسراوە و بابەتە بڵاوکراوانەمان هەڵبژارد کە پێمان گەیشتبوون یان لە ڕێگەی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو کرابوونەوە».

بڕگەی دووەمی ڕێورەسمەکە تایبەت بوو بە وتەکانی «دوکتور «میرۆ عەلیار» جێگری ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی شەهید لوقمان کە باسێکی لەسەر پێگەی سیاسی، حەقیقی و حقووقیی شەهید لوقمان مێهفەر پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

ناوبراو وێڕای دەسخۆشی و پێزانین باسی لەوە کرد کە: «زۆر بەجێیە لە ڕۆژی ناساندنی کتێبەکەدا سەرەتا ئاماژە بەوە بکەم کە کاک لوقمان ئۆگری فێربوون و خۆپێگەیاندن بوو، بەڕاستی ئەمن لەو ماوەیەدا لەماوەی ئەو سێ ساڵ و نیوەدا بە دەگمەن جارێک هەبوو بچمە ژووری کاک لوقمان مێهفەر کتێبێک، نووسراوەیەک، وتارێک بەدەستیەوە نەبینم و خەریکی خوێندنەوە نەبێت، بەردەوام خۆی بە فێربوون و خۆ پۆشتەکردن بە زانست و زانیاریی نوێوە خەریک دەکرد، کاک لوقمان دەمارگرژ و لەخۆبایی نەبوو، مرۆڤێکی کراوە بۆ وەرگرتن و وەخۆگرتنی بیری نوێ و زانیاریی نوێ بوو، هاوڕێمان توانای بیرکردنەوە و بەخۆداچوونەوە و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە خۆیدا هەبوو و ئەوە ڕەمزی سەرکەوتنی کاک لوقمان لە ژیان و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا بوو».

لە بەشی سێهەمی ڕێورەسمەکەدا شێعرێک بەناوی «شاهەڵۆی دوندی ڕاسان» لەلایەن «ئێحسان ڕەستگار» نووسەری شێعرەکەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکە لە ڕێورەسمەکەدا لاواندنەوەیەک بڵاو کرایەوە کە گوێگری دەبردە نێو دنیای پڕ لە ئەوین و وەفای ڕاستەقینەی نێوان شەهید لوقمان مێهفەر و خاتوو «خەجیج لاهیجانی»، هاوسەری شەهید.

لە بڕگەی دواتردا، کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری» لەلایەن دوکتور «میرۆ عەلیار» جێگری ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خاتوو «خەجیج لاهیجانی» هاوسەری شەهید «لوقمان مێهفەر» پەردەی لەسەر لا درا.

پاشان پەخشانێک لەژێر ناوی «مەرۆ هەناسەی شۆڕش» لەلایەن پێشکەشکاریڕێورەسمەکەوە خوێندرایەوە و پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە کۆتایی ڕێورەسمەکەدا بنەماڵەی مێهفەر کتێبی «لافاوێک لە ئەسرین، زەریایەک لە ئەمەگداری»یان، وەک دیاری و یادەوەرییەک پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێورەسمەکە کرد.

# حاجی «سەفین» ئەندام پارلەمانی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



ئەندام پارلەمان و کەسایەتیی دیاری ناوچەی هەولێر سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی، ئەندامی پارلەمانی کوردستان و کەسایەتیی دیاری ناوچەی هەولێر، حاجی «سەفین» سەردانی حیزبی دێموکراتی لە بنکەی حیزب لە «جێژنیکان» کرد. حاجی «سەفین» و هاوڕێیانی لەلایەن وەفدێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی «کەریم پەرویزی»، ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دەستەی بەڕێوەبەریی کاری حیزبی لە ‹›جێژنیکان›› پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتن و دیدارەدا دوای بەخێرهاتنکردنی میوانەکان، دوو لایەن وێڕای پیرۆزبایی جێژن لە یەکتری، سەبارەت بە دۆخی کوردستان و دواییین ئاڵووگۆڕەکان لە ئێران و عێراق و دۆخی هێزە کوردییەکان بەتایبەت لە دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتمان لە ڕاوبۆچوونی یەك ئاگادار کرانەوە. لەو دیدارەدا جەخت لەسەر بەردەوامیی پێوەندیەکان و هاوئاهەنگبوون لە پرسە چارەنووسسازە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا لەنێوان هەموو هێزە کوردیەکان کرایەوە.

# ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی خولی پەروەردەیی کۆمیتەی زاگرۆسی دەزگای ڕێکخستن

کۆمیتەی زاگرۆس سەر بە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشی ئاشکرا سەرکەوتووانە دەورەیەکی سیاسی - پەروەردەیی بۆ ئەندامانی حیزب سەر بەو کۆمیتەیە بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی گەلاوێژی ١٤٠٠ ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ کۆتاییهاتنی ئەو دەورە سیاسییە بەڕێوە چوو و تێیدا ڕێز لە مامۆستایانی دەورەکە گیرا و بڕوانامەش بە بەشداربووانی دەورەکە درا . سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سرودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی کۆتاییهاتنی ئەو دەورە سیاسییە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

«مەحموودی» وێڕای دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی کۆمیتە، بەڕێوەبردنی ئەو دەورەیەی بە باش و پێویست زانی کە دەبێت ئەندامانی حیزبی بەردەوام دەورەی لەو شێوەیەیان بۆ بکرێتەوە و خۆیان پێ بگەیەنن.

پاشان «ئاسکە حەسەنزادە» بەرپرسی کۆمیتەی «زاگرۆس» سەبارەت بە کار و چالاکییەکان و شێواز و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی دەورەکە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد .

دواتر مامۆستایانی دەورە لەلایەن «محەممەد نەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا .

لە بڕگەی دواتردا بڕوانامە بەسەر بەشداربووانی دەورەکەدا دابەش کرا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا ڕێز لە زەحمەت و تێکۆشانی ٣ ئەندامی بەڕێوەبەریی کۆمیتە گیرا و سەرشانەی نموونە لەم کۆمیتە دیاری کرا کە لەبەرامبەر کار و چالاکییەکانیاندا لە ڕابردوو و دڵسۆزیی بەردەوامیان بۆ سەرخستنی کۆمیتە لەلایەن بەرپرسی کۆمیتەوە لەوحی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا .

# سێمینارێک لەژێر ناوی «ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دواڕۆژی کورد» بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژ، لە کەمپی دێگەڵە لەلایەن یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان و بە هاوکاریی یەکەی بەڕێوەریی دێگەڵە سێمینارێک لەژێر ناوی «ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و دواڕۆژی کورد» بەڕێوە چوو.

ئەم سێمینارە لە دوو پانێلی «ستراتیژیی کورد لەنێوان فدراڵیزم و سەربەخۆییدا» و «ناسیۆناڵیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات لەنێوان بەرداشی ئێرانگەرایی و ڕێبازە فکرییە جیهانییەکاندا» لەلایان دوکتور «هەژار ڕەحیمی» مامۆستای زانکۆ و «جەماڵ فەتحی» سکرتێری یەکەیتی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای سێمینارەکە بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد.

لەو سێمینارەدا «ناسیح خاکی» وەکوو پێشکەشکاری سێمینارەکە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد.

دواتر «عەلی سۆرانی» بەرپرسی یەکەی دێگەڵە چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لە پانێلی یەکەمدا دوکتور «هەژار ڕەحیمی» باسێکی سەبارەت بە «ستراتیژیی کورد لەنێوان فێدراڵیزم و سەربەخۆیی» پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دوکتور هەژار لە باسەکەیدا وتی: «ئەگەر ئێمەی کورد باس لە خودموختاری، فێدرالیزم یان سەربەخۆیی دەکەین ئەمە بە واتای بوونی ناهاوسەنگی و نابەرابەری لە کۆمەڵگەدایە. کاتێک کە سەیری دروشمە سەرەکییەکانی نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دەکەین زۆر جار ئاستی تێگەیشتن و هێندێک جار وا دەردەکەوێت دژ بە یەکن.

بۆ نموونە خودموختاری و فێدراڵیزم ئەمە تا ئاستێک چووەتە پێشەوە کە ئەمانە بە دژی یەکتر و پێچەوانەی یەکتر وەردەگرین. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کاتێک سەیری ناوەڕۆک و هێزی هاندەری هەڵگرتنی ئەو دروشمانە دەکەین، هەمان ئەو تایبەتمەندییانەن کە سەرچاوەی هەڵگرتنی سەربەخۆیین، واتە بە دەربڕینێکی تر چ خودموختاری بێت چ فێدراڵیزم».

پاشان «جەماڵ فەتحی» باسێکی لەسەر «ناسیۆناڵیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵات لەنێوان بەرداشی ئێرانگەرایی و ڕێبازە فکرییە جیهانییەکاندا» پێشکەش کرد.

ناوبراو باسی لەوە کرد: «ستیراتیژیی هێرشبەرانە، ستراتیژیی بەرگریکارانە و ستراتیژیی پاسیڤ یان ناچالاک، کە کورد لە قۆناغێکدا ستراتیژیی هێرشبەرانەی هەبووە و لە ئێستەدا ستراتیژیی بەرگریکارانەی هەیە و لە هێماکانی کوردبوون بەرگری دەکات و هەتا ئێستە ستراتیژیی کورد تووشی ستراتیژیی پاسیڤ و ناچالاک نەبووە کە ئەم قۆناغە، کارەساتی سیاسییە».

هەروەها جەماڵ فەتحی وتی: «ململانێ لەنێوان لایەنگرانی پرۆژە سیاسییەکان لە خوێندنەوەی هەڵەی دۆخی کورد سەرچاوە دەگرێت، چون ئەم پرۆژە سیاسییانە پێویستی بە مەیدان هەیە کە لە ئێستەدا لەژێر دەستی داگیرکەرە».

ئەم سێمینارە بە پرسیاری بەشداربووان و وڵامدانەوەیان لەلایەن دوکتور هەژار و جەماڵ فەتحی کۆتایی پێهات.

# هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژدا چالاکییان بەڕێوە برد

لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ ٧٦هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیاکانی کوردستان ئارمی حیزبی دێموکرات و ئارمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پێشکەشی چەند ئۆرگانی حیزبی کرد.





لەو چالاکییەدا «فەتحوڵڵا خوبایی» فەرماندەی هێزی ١١٥ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وێڕای «واحید میرگوڵ» پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات ئارمی حیزبی دێموکرات و ئارمی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان پێشکەشی چەند ئۆرگانی حیزبی کرد.

لەو چالاکییەدا ئارمی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ پێشکەش بە دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کراوە.

هاوکات ئارمی حیزبی دێموکرات پێشکەش بە بەشی شەهیدان و دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێر کراوە.

# کۆبوونەوەیەک بۆ تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە «جێژنیکان» بەڕێوە چوو





ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ کۆمیتەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لە «جێژنیکان» کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەڕێوە برد.

ئەو کۆبوونەوە لەسەر نەزم و دیسیپلین، پەروردەی منداڵ و ئەخلاقی شۆڕشگێڕی بەڕێوە چوو.

لەو کۆبوونەوەدا «محەممەدئەمین بایزیدی» پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات وەک کۆڕگێڕی کۆبوونەوەکە وتەکانی خۆی لەبارەی بابەتەکان پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا بە وردی باسی باباتەکان کرد و باسی لەوە کرد ئێمە دەبێ لە پێوەندییەکانی خۆمان و بە تایبەتی هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەمان وەک پێشمەرگەیەک زۆر ئاگاهانە ڕەفتار بکەین. لەدوای پێشکەشکردنی بابەتەکە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەی بابەتەکان پێشکەش کرد.

# چالاکیی تەبلیغی
## کوردستان پشتیوانیی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئەحواز کرد

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارەکانی بۆکان و ئیلام بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت، پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان کە لە ئەحواز بەڕێوە دەچێت و چەندین شاری گرتووەتەوە، دەربڕی.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بۆکان بە نووسینی دروشمی ‹›ڕاسان لە کوردستان هاوخەباتە لەگەڵ خوزستان›› پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی خرۆشاوی ئەحواز دەربڕی.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری ئاودانان سەر بە پارێزگای ئیلام لە شوێنەکانی وەک ‹›ڕووبەڕووی نیروی هەوایی، ئیدارەی ئاگاهی و سەبت و ئەحواڵ›› بۆ پیشتیوانی لە خەڵکی ئەحواز تراکت و پۆستێریان بڵاو کردەوە.

هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە پیرانشار و لە شارۆچکەی پەسوێ لە شوێنەکانی وەک ‹›مزگەوتی جامعە، قوتابخانەی شەوانەڕۆژی، قوتابخانەی کوڕانەی تەوحید، قوتابخانەی کوڕانەی موتەهەری، چوارڕێیانی ئاشی دیژبان، تالاری ڕۆژ، نەخۆشخانەی شەقامی تەوحید، شەقامی شورا، شەقامی عەلی حەیرانی، سەرقەبران، نیروگای بەرق، مزگەوتی کانی زنجیرچی، شەقامی عەلی پیران و دەوروبەری» بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەحواز تراکت و پۆستێریان بڵاو کردەوە.

هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە گەڕەکی میراوای بۆکان بە نووسینی دروشمی ‹›ڕاسان لە کوردستان هاوخەباتە لەگەڵ خوزستان›› پشتیوانیی خۆیان لە خەڵکی خرۆشاوی ئەحواز دەربڕی.

لەلایەکی تریشەوە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری «پیرانشار» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو چالاکییانە لە ڕێگای «پەسوێ»، هەتا سێڕای «جەڵدیان» بازاڕی «گردکشانە»، «جەڵدیان»، گەڕەکی «محەممەد ئەوراز»، «تالاری خەیام»، «بەردەقەل»، «توان»، «زەنگیاوێ»، سێڕای شەوەزەنگ» «کوندرێ و گردکسپیان» بەڕێوە چووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو شوێنانە بە بڵاو کردنەوەی پوستێر و درووشمی تایبەت بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئەحواز، پشتیوانی خۆیان لەو ڕاپەڕینە ڕاگەیاندووە. لەو چالاکییانەدا درووشمی «ڕاسان هاوخەباتی خەڵکی خوزستانە»، لەسەر دیواری ماڵەکان نووسراوە.

ئەو چالاکییە دوای ئەوە بوو کە دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بڵاوکردنەوەی تراکت و دروشمی تایبەت داوای لە خەڵک کرد کە پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئەحواز بکەن.

خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ئەحواز بەهۆی بێ ئاوی دەستی پێکرد کە بەهۆیەوە چەندین کەس لە خەڵکی نارازی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە کوژران و دەیان کەسیش بریندار بوون.

تێکۆشەرانی دێموکرات پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانیان دوویات کردەوە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شارۆچکەی «قەرەمووساڵی» سەر بە بۆکان وێنەی دوکتور «قاسملوو»یان لە دادگای ئەو شارۆچکەیەدا بڵاو کردووەتەوە. لە درێژەی ئەو چالاکییەدا کۆڵان بە کۆڵانی ئەو شارۆچکەیە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرەبەری ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری «بۆکان و میاندواو» چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

پێشمەرگە سپی پۆشەکان لە نەخۆشخانەی «بۆکان» لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ بۆ پەیمان نوێکردنەوە و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و ڕێبازی دوکتور قاسملووی هەردەم زیندوو چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بەڵێنییان دا تا دواهەناسە پشتیوانی ڕێبازەکەی دوکتور قاسملوو بن.

شوێنی چالاکییەکان بریتین لە: «پارکینگی نەخۆشخانە، بەشی کۆرۆنا، بەشی ئورژانس، دەرمانخانە، دەرمانگای گشتی، بەشی خەواندن، بەشی تەندروستی، بەشی تاقیگە و ڕادیۆلۆژی، حەوشەی نەخۆشخانە و بەشی مانەوەی هێزی ئینتزامی و بەشی وێنە هەڵگرتنەوە، ماموگرافی و بەگشتی تەواوی هۆڵەکانی نەخۆشخانە».

لە درێژەی چالاکییەکاندا لە بەرەبەری ٢٥ی گەلاوێژ، ئەندامان و تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکرات لە شاری «میاندواو» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

شوێنی چالاکییەکان بریتین لە: «تێرمیناڵی میاندواو، بلواری وەلیعەسر، جادەی بۆکان ـ میاندواو بە گشتی، ئاواییەکانی سەوڵیتەپە، عەسکەرئاباد، برایمئاباد، حاجیئاباد، قورمیش، کانیسەیران، کولتەپە، قولەر، ئەشکەوتان، کانیشقاقان، ناچیت، ئوچتەپە و داشبەند».

لەلایەکی دیکەشەوە هەر لەم چوارچێوەیەدا لە بەرەبەری ٢٥ی «گەلاویژ» ٧٦ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی «میاندوئاو و بۆکان» سەر بە پارێزگای «ورمێ» چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لە شاری «میاندوئاو» ئەو شوێنانەی چالاکییان لێ بەڕێوە چووە بریتین لە «تێرمیناڵی میاندوئاو، بڵواری وەلیعەسر، جادەی بۆکان میاندوئاو، گوندەکانی سەوڵیتەپە، عەسکەرئاباد، برایمئاباد، حاجیئاباد، قورمیش، کانیسەیران، کوڵ تەپە، قولەر، ئەشکەوتان، کانیشقاقان، ناچیت، ئوچتەپە و داشبەند».

هەروەها لە شاری «بۆکان» ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە کێوی «تەرەغە و گوندەکانی ناوچەی میرقاز، جادەی بورهان و نێو شاری بۆکان» بە بڵاوکردنەوەی لۆگۆی حیزبی دێموکرات و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و نووسینی درووشمی سەرکەوی ڕاسان چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و لەو جەولە سیاسی و نیزامییەدا قسەیان بۆ خەڵک کردووە.

لاوانی شۆڕشگێڕی دێموکرات بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکرات لە چالاکییە تەبلیغییەکان بە شێوەی جۆراجۆر بەردەوامن.

لە «شنۆ» لە گوندەکانی «تەرسەبلاغ، پرداوێ، سەرگیز، سەوجە، شێر، گەلیی قاسملوو و هەروەها لە ڕێگای جادەی شنۆ و بۆ ورمێ، جادەی ئیسلاملوو، نێوان پاسگای نەڵیوان و پایگای سپا چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شار و گوندەکانی کوردستان لە بۆنە تایبەتییەکاندا چالاکیی تەبلیغیی تایبەت بەڕێوە دەبەن.

### درێژەی پەیڤ

لە ئێرانی بندەستدا، وای لێ بێ و گوشارە دەروونییەکانی زیندان وا بکا کە ئەو زیندانییانە بەو شێوە هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام کە دەچیتە دەرەوەی ئێرانیش دووبارە هەمان شت دەبینیتەوە!

لە نێو ئەوانەی سەر بە جوغرافیای ئێرانن و لە دەستی ڕێژیمی ستەمکار دەربەدەر و پەڕیوەی هەندەران بوون، دووبارە بەشێك لە ئاوارە فارسەکان، بە چاوی سووك دەڕواننە چالاکانی نەتەوە بندەستەکان کە لە دەرەوەی وڵات چالاکی دەکەن و لە هەموو شوێنێك هەوڵ دەدەن تۆمەتیان لێ بدەن و سەیرەکەی ئەوەیە کە هەمان تۆمەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی کورد و تورك و عەرەب و بەلووچ و تورکمەن و ... دووپات دەکەنەوە!

ئەمە نیشان لەوە دەدا کە هەر وەك مۆزگان کاوسی لە شوێنێکی قسەکانیدا دەڵێ:» گەرەکیان نییە بژنەفن!» لە ڕاستیدا هەندێ کەس و گرووپ لە نێو کەسانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست هەن کە زیندانە سەرەکییەکە لە نێو مێشکیاندایە و بەدەوری بیرکردنەوە و ڕوانینیاندا دیوارێکی بتوونییان کێشاوە و ئەو زیندانە لەگەڵ خۆیان دەگێڕن! لە نێو زیندانی ئێوین بن یان لە پاریس یان لەندەن و واشینگتۆن، ئەوان هیچی دیکە نابیستن و گەرەکیان نییە بژنەفن! بۆ ڕووخانی سیستمی ستەمکار پێویستە ئەوان لەپێشدا زیندانەکانی مێشکیان بڕووخێنن و ببینن کە لە ئێراندا چەند نەتەوەی جیاواز دەژین کە هەموویان یەکسانن و هیچیان بانتر نییە لە ئەویتر.

# پێناسەیەکی کورتی ٢٥ی گەلاوێژ

مەولوود ئابجامە (پەیمان)

## بەشی یەکەم

٧٦ ساڵ پێش ئێستا کە تازە شەڕی دووهەمی جیهانی کۆتایی پێهاتبوو، کە ئەوکات فاشیزم دەیهەویست دەست بەسەر هەموو دونیادا بگرێ، لە بەرامبەر فاشیزمدا بەرەی ئازادیخوازی خۆڕاگری کرد و فاشیزمی لە بواری نیزامیدا بەچۆکدا هێنا. فاشیزم دەیهەویست تەواوی دونیا داگیر بکات و بە سووکایەتی کردن بە هەموو نەتەوەکانی دونیا، تەنیا ئەو نەتەوەیە یا ئەو خوێنەی کە خۆی بە باشی دەزانێت بە ئاغا و ئەربابی دابنێت.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ساڵانێکی دوورودرێژ بوو دیکتاتۆری و ملهۆڕی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو و حکوومەتی دەکرد، سەرەڕۆیی و ملهۆڕی و ژێرپێنانی مافی هەموو ئینسانەکان بەرهەمی کولتووری سەدان ساڵەی سەرەڕۆیی بوو کە ئێرانیش لەم یاسایە بەدەر نەبوو و دەسەڵاتێکی ملهۆڕ حاکم بوو بە سەر وڵاتدا.

لە نێو خەڵکی ئاساییدا، کولتووری خێڵەکی، کولتووری کۆنەپارێزی، سیستەمی خانخانی، عەشیرەگەرایی و ناوچەگەرایی کولتووری زاڵ بوو. لە وەها دۆخێکدا کوردستان شاهێدی شۆڕشێکی فکری – سیاسی بوو کە تا ئێستەش پاش زیاتر لە سێ چارەکە سەدە هێشتا نوێنگەی هیوایە بۆ گەلێکی تامەزرۆی ئازادی.

لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا، لەو ڕۆژە لەبیرنەکراو و پڕ لە شانازییەدا حیزبێکی ئەمڕۆیی، حیزبێکی مۆدێڕن، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر دەستی ڕێبەری هەڵکەوتوو و بلیمەتی کورد واتە پێشەوا قازی محەممەد و لە سەر بنەما تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی ژ-ک (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە شاری مەهاباد دامەزرا و لەو ڕێگایەوە بزاڤی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان هەنگاوێکی بەبڕشت و بڵیندی بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی مافخوازی کوردستان هەڵگرت.

لەو ساتەوەختە مێژووییەدا، کە نەتەنیا کوردستان، بەڵکوو سەرانسەری ئێران و بگرە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش نوقمی بیر و باوەڕی کۆن و سواو و دواکەوتووانە بوو و سیستمگەلێکی چەوسێنەر و کۆنەپەرەست چارەنووسی گەلانیان بە دەستەوە گرتبوو، یەکەم حیزبی مۆدێڕنی کورد، چاوی هەڵێنا و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، دێموکراسی و گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ گەل و خەبات بۆ چەسپاندنی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا و خێزانی بە ئاشکرا هێنایە نێو بەرنامە و پراکتیکی خۆیەوە .

حیزبێک بە بەرنامەی ئەمڕۆیی و بە شێوازێکی مۆدێڕن و سەردەمییانەوە دژ بەو کولتوورە باوانە یاخود هزرە کۆنەکان کە لە جیهان و لە ناوچە و لە ناو خەڵکدا هەبوون حکوومەتی دەکرد؛ هەر ئەم خاڵە گرینگەشە کە گەورەیی حیزبی دێموکرات و گەورەیی ئەو کەسانەی ئەو حیزبەیان دامەزراند و چرای ئومێدیان هەڵکرد بۆمان دەردەکەوێ.

### حیزبی دێموکرات لەسەر چ بنەمایەک دادەمەزرێت؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ باسەکە لەسەر چەند بنەمادا بخەینە ڕوو: بنەمای یەکەم؛ وەزعی کۆمەڵگا و سیاسەت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی چۆن بوو کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێت و دەیهەوێ خەڵک بە دەوری ئەو بیر و باوەڕەوە کۆ بکاتەوە. بنەما و ڕیشەی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات لە کوێوەیە، گرینگتر لە هەموویان نەبوونی ئازادی ئینسانەکان، لە نێو کۆمەڵگادا لە نێو سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە بە سەر وڵاتدا زاڵ و ئینسان و ئازادی ئینسان مانایەکی نییە، ئینسان بریتییە لە کۆیلەیەک لە خزمەتی ملهۆڕی حاکم بە سەر وڵاتدا و ئازادی هیچ مانایەکی نییە بەڵکوو تەنیا سووتەمەنییەکن بۆ کینە و ویست و غەرەز و حەز و خۆشەویستی حاکم . بنەمای دووهەم کە لە کۆمەڵگادا یا لە سیستمدا هەبوو پێشێلکردنی کەرامەتی نەتەوەکانە،سیستمی ئەو کات مافێک بۆ نەتەوەکان قایل نەبوو هیچ نەتەوەیەکی بە ڕەسمی نەدەناسی، تەنیا دەیهەویست نەتەوەیەکی دەستکرد کە مێژوویەکی چەواشەکراو بە ناوی نەتەوەی ئێران، بەسەر گەلانی دیکەدا بسەپێنێت و بە سڕینەوەی هەموو پێناسە و کاراکتەرەکانی نەتەوەکانی دیکە نەتەوەیەکی دەستکرد درووست بکات و لەم ڕێگەشەوە کەرامەتی نەتەوەکانی دیکە پێشێل بکات لە مێژوودا.

بنەمای سێهەم کە لەو سەردەمەدا هەبووە کە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ، هەوڵ و سیاسەت و کارەکانی حکوومەتە بۆ تواندنەوەی کولتوور و چەواشەکردنی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەکان. ئەم سیستمە هەوڵ دەدات کولتووری نەتەوەکان بتوێنێتەوە لە نێو کولتوورێکی دەستکردەوە کە لە ناوەندەوە سەر هەڵدەدات مێژووی نەتەوەکان چەواشە بکات بە دواکەوتوو، بەربەڕ و تێنەگەیشتوو ناو دەنێت، بۆ ئەوەیکە تەنیا نەتەوەی باڵادەست بە نەتەوەیەکی شایانی حکوومەت کردن بزانێت و ئەوان خۆیان تەنیا لە نەتەوەی باڵادەستدا ببیننەوە و لە هەمان کاتیشدا نەتەوەکەی خۆیان پێ سووک و پێ کەم بێت و ناسنامەی نەتەوەییان بسڕنەوە و وەکوو عەشیرە و خێڵ بیانناسێنێ.

بنەمای چوارەم بۆ سەرهەڵدانی حیزبێکی شۆڕشگێڕی وەکوو حیزبی دێموکرات لەڕاستیدا نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگا؛ نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەبوونی دەرەتانی ژیانێکی ئاسوودە و ئینسانی بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا ڕق و بێزاری بەرامبەر بە ژیان لە کۆمەڵگادا پێک دێنێت و هەست بە سوکایەتی پێکردن لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک زیاد و زیادتر دەکات.

بنەمای پێنجەم کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات زاڵبوونی هزر و بیری عەشیرە و خانخانی و خێڵەکی و ناوچەگەراییە. حیزبی دێموکرات دەیهەوێ لە خێڵ و لە ناوچەوە تێپەڕێ بەرەو نەتەوە و نەتەوەبوون. ئەمانە هێندێک لە بنەماکانی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکراتن کە لە نێو ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێن کە پێویست دەکات حیزبێک، ڕێکخستنێک، سازمانێک، ئۆرگانیزاسیۆنێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕیشانە بدات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکەم حیزبی کوردستانی بوو کە درکی بە پێویستیی ئۆرگانیزاسیۆنێکی لەو شێوە بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد کرد.

دامەزراندنی یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە حەوت دەیە لەمەو پێشەوە نیشانەی لێزانی و داهاتووبینی دامەزرێنەرانی حیزبی پێشڕەوی گەلی کورد بوو. چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزب و بە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هاوکێشە نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییەکاندا، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، بەپێی زەرووەتێکی مێژوویی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا، یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردیان لە مێژووی کوردستاندا دامەزراند.

کۆمارێکی دێموکراتیک کە خەون و هیواکانی کوردی وەڕاست گەڕاند و لە ماوەی نیزیک بە یازدە مانگ دەسەڵاتی نیشتمانی کۆماردا،ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و خەبات بۆ دێموکراسی و هاوپشتی و هاوپەیوەندیی گەلانی زۆرلێکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، کردە پرەنسیپی نەگۆڕی حیزب و جووڵانەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستان و هەنووکەش،ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیی کوردستان، لەو چوارچێوە مرۆڤانە و دێموکراتیکەدا ڕێ دەکەن.

بە هەرەسهێنانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان و لەداردرانی سەرکۆمارەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی کوردستان کەوتە سەر دووڕێیانی چۆکدادان و بەرخۆدان.

بە شانازییەوە ڕێبوارانی بەئەمەگی پێشەوا، ڕێگای بەرخۆدانیان گرتە بەر و لە هەموو ئەو ماوەیەدا تاکوو ئێستا، هەر کاتێک پێویست بووبێ بۆ شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای دێموکرات لە پێشکەشکردنی گیانیان درێغیان نەکردووە بۆیە دەبینین لە دۆخێکدا کە ڕێژیمی حەمەڕەزاشا، ئێرانی بە دوورگەی ئارام و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکەی بە ژاندارمی کەنداو لە قەڵەم دەدا تێکۆشەرانی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی خەویان لە چاوی دیکتاتۆریی پاشایەتی تاراند و ئەو ڕاستییەیان سەلماند، کە دیکتاتۆری و ملهۆڕی قەڵایەکی لەرزۆکە و لە بەرامبەر وورەی شۆڕشگێڕانەدا دێتە لەرزین. هەر بۆیە ڕێژیم هەموو توانای خۆی بۆ سەرکوتی تێکۆشەرانی کورد خستەگەڕ و ڕێبەرانی ئەو ڕاپەڕینەی شەڵاڵی خوێن کرد و بە سەدان کەس لە ئەندامانی نهێنی حیزب لە شار و گوندەکانی کوردستانی خستە زیندانە ڕەش و ترسناکەکانییەوە. لەو ساڵە سەخت و دژوارانەدا، ڕێبەری هەڵکەوتوو، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو جڵەوی خەباتی میللی-دێموکراتیکی بەدەستەوە گرت و جارێکی دیکە ئاسۆی خەباتی نەتەوەکەمان ڕوونتر و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی شێلگیرتر و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێداگرتر هاتنە کۆڕی خەبات و بەرخۆدانەوە.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧دا، هیوایەکی نوێی خستە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بەڵام بەداخەوە، دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لەلایەن ئاخوندەکانەوە بە تاڵان برا و ئەوان بە ئاگر و ئاسن وڵامی داخوازییە ئاشتیخوازەکانی کوردیان دایەوە و کوردستان بە دڕندانەترین شێوە کەوتە بەر هێرشی پاسدارانی تاریکی و نەزانی و بەو شێوەیە وڵامی «نا» درایەوە بە داخوازە ڕەواکانی نەتەوەی کورد.

نەتەوەکەشمان بۆ بەرگریی لە مان و مەوجوودییەتی خۆی، لە جیاتی تەسلیمبوون بە کۆنەپەرەستی ڕێگای بەرگریی چەکداری هەڵبژارد و بۆ ساتێکیش ڕێگای نەدا کە ڕێژیم و داروودەستەکەی بە ئاسوودەیی لە سەر خاکی کوردستان بمێننەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە درێژەی خەباتی پڕ لە شانازی خۆیدا، چەندین هەوراز و نشێو و کارەساتی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەوەی جێگای شانازیی ئەو حیزبە پێشڕەوەیە، شێلگیری و ماندوویی نەناسی و بەردەوامی لە خەبات و تێکۆشانە.

بێگومان تیرۆری ڕێبەرانی هەڵکەوتووی حیزبەکەمان شەهیدان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و دەیان کادری ڕێبەریی لەلایەن تیرۆریستانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، گورزێکی بەژان بوو بۆ سەرجەم ڕێبوارانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بەڵام چونکە حیزبی دێموکرات مەکتەبێکی پێشکەوتوو بووە بۆ پێگەیاندنی ڕێبەران، کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی لێهاتوو، لە دەستدانی ڕێبەرە پایەبەرزەکان، شەهیدبوونی هەزاران کادر و پێشمەرگە و ئێعدام، زیندانی و سەرکوتی سەدان کەس لە ئەندامانی نهێنی حیزب نەیتوانیوە پەک بە درێژەی خەباتی ئەو حیزبە بخا. ئەوەی لەو پەیوەندییەشدا جێگای خۆشحاڵی و شانازییە، ئەوەیە کە نەتەوەکەمان قەدری ڕێبەرانی تێکۆشەر و ماندوویینەناسی خۆی دەزانێ و فیداکاریی ئەوان لە بیر ناکا و ڕێگای ئەو ڕێبەرە مەزنانە هەر سەوزە و ئەوان لە بەهەشتی یاد و هزری نەتەوەکەیاندا هەر زیندوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان لە کاتی دامەزرانییەوە تاکوو ئێستا چەند پرەنسیپێکی بە نەگۆڕی بۆ خۆی دیاری کردووە:

١-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە هەموو ئاستەکان و بەگشتی لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی ڕەوای کورددا، باوەڕی بە ئاشتی و دیالۆگی بنیاتنەر هەیە و هەمووکات خۆی بە پێبەندی ئەو پرەنسیپە شارستانییە دەزانێ.

٢-حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی دێموکراتیکی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆڤانە و نەتەوەییەکانی لە هەموو شێوازەکانی خەبات وەک: خەباتی ڕێکخراوەیی، دیپلۆماتیک، ڕاگەیاندن، تەنانەت خەباتی چەکداری وەک دوایین ئامرازی خەبات، لە کاتی پێویستدا کەڵک وەردەگرێ.

٣-حیزبی دێموکرات، گەلانی بندەستی ئێران بە هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ و لە سەر پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ئەو گەلە بندەستانە جەخت دەکاتەوە.

٤-حیزبی دێموکرات، پابەندە بە سەربەخۆیی بڕیاردان، خۆپاراستن لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی هێزەکان و لەسەر ڕێزی دوولایەنە و هاوکاریی دۆستانە پێداگری دەکات.

٥-حیزبی دێموکرات، هاوهەنگاوە لەگەڵ ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چونکە تەنیا دێموکراسی لەو ناچەیەدا دەتوانێ ئازادی گەلانی بندەست و یەک لەوان گەلی کورد دەستەبەر بکا.

٦-حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێبەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤە و خۆی لە بەرەی دژە تیرۆریزم و دژە کۆنەپەرەستیدا دەبینێتەوە.

درێژەی هەیە....

# بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان، بزووتنەوەیەکی ڕەوا و بەرحەق!



**ئیبراهیم لاجانی**

لە دونیای ئەمڕۆدا تێکڕای حەشیمەتی سەر ڕووی زەوی، بەو هەموو زمان و کولتوور و دین و مەزهەبە جۆراوجۆرانەوە کە هەیانە، لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا دەژین. بەردی بناخەی سیستمی نێونەتەوەیی لەسەر ئەوە دانراوە کە دەوڵەت وەک ئەکتەرێکی سیاسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەپێی قانوون و عورفی نێونەتەوەیی، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموو هاووڵاتیانی خۆی دابین و دەستەبەر بکات.

ئەوە فەلسەفەی درووستبوونی دەوڵەتی میللییە و مەشروعیەت بە حاکمیەتی سیاسی دەوڵەت دەدا. هاووڵاتیان بۆ کەڵک وەرگرتن لەو ماف و ئازادییانەی کە مرۆڤایەتی پێیان ڕەوا دەبینێ، لە پێش هەر شتێکدا پەنا بۆ دەستوری وڵاتەکەیان و باقی ئەو یاساو قانوونانە دەبەن کە لە سیستمی سیاسی و قەزایی وڵاتەکەیاندا جێیان بۆ کراوەتەوە.

ئەگەر دەستور یان قانوونی ئەساسی و سیستمی قەزایی وڵات نەیتوانی ماف و ئازادییەکانی خەڵک دابین بکا، یا حاشای لەو ماف و ئازادییانە کرد، یا لەکاتی پێشێلکرانی ئەو ماف و ئازادییانەدا، ئەوانی بێ دیفاع هێشتنەوە و دادی نەپرسین، هاووڵاتیان هاوار و پەنا بۆ پەیماننامە و کۆنڤانسیۆن و باقی ئەو ئەنستیتۆ و دامەزراوانە دەبەن کە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا ئەرکی بەرگری لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەمایەتی و گەلانی چەوساوە و خەڵکە بوومییەکانیان بە ئەستۆوەیە.

ئەو نەتەوە و کەمایەتییە نەتەوەییانەی کە دەوڵەتی میللی و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بە خۆیان نییە، بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی مافەکانی مرۆڤ و ئەدەبیاتی حقووقی نێونەتەوەیی، تێدەکۆشن دەنگی مەزلۆمیەتی خۆیان بە دونیا بگەیەنن. لەوەش زیاتر ئەوان خەبات دەکەن تا دەسەڵات و حاکمیەتی سیاسی و حکومەتی تایبەت بەخۆیان لە سەر خاک و نیشتمانی خۆیان دابمەزرێنن تا بتوانن ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، کە لە یاسای نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤدا بە ڕەسمی ناسراون، بۆ خەڵکی خۆیان دابین و دەستەبەر بکەن.

بەو پێیە یاسای نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ نەک هەر ئیلهام بە بزووتنەوەی میللی و نیشتمانی گەلانی چەساوە دەبەخشێ، بەڵکوو هانی ئەو بزووتنەوانەش دەدات. لە کاتی پەسندکرانی بەیاننامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، واتە لە ساڵی ١٩٤٨دا، ژمارەی دەوڵەتەکانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٥٦ دەوڵەت بوو. ئێستا ٧٠ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە مێژووییە، ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند بەرانبەر زیادی کردووە و گەیشتۆتە ١٩٦وڵات. دیارە ئەو ژمارەیە هەروا لە زیادبونیشدایە.

ئەوە باشترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ، نەک هەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی بندەست تەشویق دەکەن، بەڵکوو لەڕاستیدا سەرچاوەی ئیلهامیشن بۆ بردنەپێشی خەبات و تێکۆشانی ئەوان لە پێناو وەدەستهێنان و دابین و دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنوسی بەکۆمەڵی خۆیان بەدەستی خۆیان.

لەڕاستیدا گەلانی ژێرچەپۆکەی ئیستیعمار و میللەتانی چەوساوەی دیکە لە سەر ئەو بڕوایەن کە باشترین و درووستترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، بریتییە لە بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و حکومی و حەقی حاکمیەتی میللی و دامەزراندنی دەوڵەتی میللیی تایبەت بەخۆیان.

ئەزمونی ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەت و حکومەتی میللەتانی دیکەدا، ئەوانی بەو قەناعەتە گەیاندووە کە لە ژێر سێبەری دەسەڵاتداریەتی و حکومەتی گەلان و میللەتانی دیکەدا، ئەوان هەرگیز ناتوانن بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خۆیان بگەن. یاسای نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، گەلێک ڕێگا و ئاڵترناتیوی دەسنیشان کردوون. وەک حکومەتی مەحەللی، ئۆتۆنۆمی، فیدرالیزمی ناوچەیی و نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیی نێوخۆیی و شەریکایەتی عادڵانە و بەرانبەر لە قودرەت و حاکمیەتی سیاسیدا.

ئەگەر دەوڵەتێک ئامادە نەبێت لە دەستووری خۆیدا ئەو داخوازە ڕەوایانەی گەلانی ژێرچەپۆکە و چەوساوەی نێو چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی دەستەبەر بکات، ئەوە ڕێگا بۆ ئەو گەلانە خۆش دەکات کە لە دەرەوەی سنورەکانی ئەو یەکە سیاسییەدا بۆ دابینکردنی مافی چارەنوسی خۆیان بگەڕێن. ئەوەش یا لە ڕێگای سیاسی و دیالۆگەوە یا لە ڕێگای شەڕ و خەباتێکی خوێناوی و بێ ئامان و توندوتیژەوە مەیسەر دەبێت.

لەڕاستیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس و وەدەستهێنانی حەقی حاکمیەتی میللی یا شەراکەتی عادڵانە لە حاکمیەت و حکومەتدا، تەنیا زەرفێکن کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کەسانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانیان تێدا دابین دەبێت. سەدان ساڵ پێڕەوانی ئایینی یەهود لە سەرتاسەری دونیادا پەرت و بڵاوبوون. لە هیچ وڵاتێکدا وەک هاووڵاتی ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرا و تەنانەت لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا بە میلیۆن کەسیان لێ قەتڵوعام کرا؛ بۆیە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراند و ئەوەتا بە هەموو وجودیانەوە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە تێدەکۆشن. لە دونیای ئەمڕۆدا گەلانی بێ دەوڵەت و ژێرچەپۆکە، کەمایەتییە نەتەوەیی و کولتوری و مەزهەبی و ئیتنیکییەکان و کەسانی چەوساوە و مەینەتبەش لە هەرکەس و دەستە و تاقم و گروپێکی دیکە زیاتر پێویستیان بەو حیمایەت و پارێزگارییە نێونەتەوەییە هەیە کە کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان دەستەبەریان دەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە لەبەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندنی وەزعی سیاسی ئێران و ئاستی ئێستای بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ناوچەکەدا، لەسەر ئەو بڕوایەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، هەموو داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا دەکرێ دابین و دەستەبەر بکرێن.

بەو مەرجەی لە دەستور و قانونی ئەساسی ئێراندا مافی شەراکەتی سیاسی لە حاکمیەتی سەرتاسەری و حەقی حکومەتی خۆجێیی و نیشتمانیی بۆ گەلی کورد، بە شێوەی خودموختاری یا فیدرالیزم دەستەبەر بکرێت. ئەو داخوازە سیاسییە واقعبینانە و مەسئولانەیە لە ڕوانگەی قانوونی نێونەتەوەییەوە مەشروعە و دەکرێ لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا پشتیوانیی و هاوپێوەندیی لەگەڵ نیشان بدرێ.

لە ئێرانی فرەگەل و نەتەوەشدا ئاسانتر ئیمکانی وەدیهاتن و دەستەبەربونی هەیە. لەوەش زیاتر دەزانین کە یەکێک لە فاکتۆرەکانی دێموکراتیزەکردن و دێسانترالیزەکردنی دەسەڵاتی مەرکەزیش لە ئێراندا بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و حاکمیەت لە نێو گەلانی نێو چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا.

ئەوەش دەتوانێ پشتیوانی بۆرژوازی میللی ئێرانی، ئەگەر بەڕاستی خوازیاری دێموکراسی و سێکۆلاریزم و وەلانانی ئیستبدادی سیاسی و مەزهەبی بێت، بۆ لای ئەو ڕاستییە مۆبیلیزە بکات کە خەباتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، بەشێکە لە خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی لە سەرتاسەری ئێراندا.

حیزبی ئێمە هەر لەوکاتەدا بڕوای قوڵیشی بەوەیە کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەشێکە لە نەتەوەی کورد کە نیشتمانەکەی بێ ڕەزامەندیی خۆی بەسەر چەند وڵاتدا دابەش کراوە. ڕەنگە لە نێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستاندا هەبن کە پێیان وابێ یەکگرتنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی واحیدێکی سیاسی گەورەی یەکگرتوودا، باشترین ئاڵتێرناتیوە بۆ دابین بوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان. لایەنگرانی ئەو بۆچوونەش حەقی خۆیانە، خۆیان لە چوارچێوەی حیزبێکی دیکەدا ڕێکخەن و بۆ بردنە پێشی ئەو ئامانجە خەبات بکەن بەڵام هێرش کردنە سەر ئامانج و سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەساسدا نەک هەر بە خەبات لەو ڕێگایەدا بە حیساب نایە، بەڵکوو ڕاست بنکۆڵکردنی مەشروعیەتی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە کە بە دەیان هەزار کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە، ئەوەتا بە مایەدانان لە گیان و سەر و ماڵیان، بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد بێ وچان بەڕێوەی دەبەن.

# تاکی بەهەڵوێست و ئەرکەکانی لەم قۆناغەدا

**جاقل**

دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی ئاخوندی لە جوغرافیای ئێراندا پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی چیدی قەیرانەکانی بۆ چارەسەر نابێ.

لە هەمانحاڵدا هەتا دێ خەڵکیش زیاتر ترسیان لە ڕێژیم دەشکێ و لە داواکارییە ڕەواکانیان دەست هەڵناگرن.

جیاواز لەمانە بەردەوام ئاستی داواکارییە بنەڕەتییەکان کە لە چوارچێوەی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی تاراندا دەستەبەر نابێ زیاتر دەبێ. چەندایەتی و چۆنایەتی و شوێنی ئەو داواکاری و خۆپیشاندانانە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی مێژویان هەیە بەڵام ئەوەی کە لە ئێستادا بە دژی دەسەڵاتی تاران دێتە ئاراوە گوزارشت لەوە دەکات کە ئاستی ڕۆشنگەری گشتی کۆمەڵانی خەڵک بە تایبەت نەتەوە جیاوازەکانی ناو ئەم جوغرافیا گەیشتووەتە ئاستێکی بەرزتر و نەسڵی پێشووی لەگەڵ نەسڵی نوێی خوازیاری ئازادی لە سەر نەهێشتنی حکومەتی تاران یەکگرتووتر لە هەمیشە کردووە.

دەوری ژنان و کچانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخواز لە هەمیشە پڕڕەنگترە و وێدەچێ هەر ئەمەش ڕێژیمی زیاتر خستبێتە ژێر گوشارەوە .

وڵاتانی دەرەکی لەم قۆناغەدا ئەگەرچی هەتا ئێستا جگە لە قسە و ڕاگەیاندنی دڵخۆشکەر هیچ خزمەت و پشتگیرییەکی کردەییان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی تینووی ئازادی نەکردووە بەڵام لە چوارچێوەی پاراستنی نەزمی جیهان و ناوچەکەدا و بۆ کەمکردنەوەی توانا ناوکی و موشەکی و تیرۆریستییەکانی ڕێژیم گوشار و گەمارۆ و چاوەدێرییەکانیان لە سەر ڕێژیم لانەبردووە و ڕێژیمی ئاخوندی چەشنی ئاژەڵێکی دڕندە و یاخی بەردەوام کۆنترۆڵ دەکرێ.

ڕێژیمی ئاخوندی وەک سواڵکەرێکی ملهوڕ لە هەر کوێ دەرەتانی ملهوڕی و تیرۆریزمی هەبێت دەست دەداتە جینایەت . ئەگەریش ئەو ڕێگایانەی لێ ببەسترێ و گەمارۆ و چاوەدێرییەکان ئیزنی تاوان خولقاندنی پێنەدەن چەشنی سواڵکەرێکی بێدەسەڵات لە میدیاکاندا سەنگی مەزلۆمی خۆی لە سینگ دەدات و حاشا لە هەموو کردەوە قیزەونەکانی دەکات و بەرپرسایەتیان وە ئەستۆ ناگرێ . قەیرانە دەرەکی و ناوخۆییەکان ڕێژیمیان لاواز کردووە و بە هۆی ئاژاوەنانەوەی ڕێژیم لە جیهاندا وێدەچێ گوشاری نێودەوڵەتی لە سەر ڕێژیم بەردەوام بێ .

لە ناوخۆشدا بە هۆی ئەوە کە هیچ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەربوونی قەیرانەکان بەدی ناکرێ خەڵک بەردەوام بە دژی ڕێژیم ڕادەپەڕن.

لە وەها بارودۆخێکدا ئەرکی کەسانی دەروەست و نیشتمانپەروەرە کە بە دژی ڕێژیم هەڵوێست بگرن و خەڵکانی دەوروپشتیان بۆ خەباتێکی بەگوڕتر و جەماوەریتر ڕێک بخەن .

لە ئێستادا و پاشی خۆپیشاندانەکانی ئەهواز و شارەکانی دیکە دیتمان کە خەڵکانێکی زۆر بە دژی ئەو ڕێژیمە هاتنە مەیدانەوە بەڵام بە هۆی نەبونی هێزێکی بەرپرس و شۆڕشگێڕ لە مەیداندا کە شان بە شانی خۆپیشاندەرانی شار لە گۆڕەپانی خەباتدا بوونی هەبێت، ڕێژەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندەران شەهید کران و خەڵکێکی زۆریش گیران.

هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ڕێژیم لە ئاکامدا ناتوانێ بەم شێوە درێژە بە مانەوەی خۆی بدات و لە ئاکامدا هەر دەڕوخێ بەڵام بۆ ئەوە کە خۆپیشاندەران بە کەمترین تێچوو و لە کاتێکی کەمدا زۆرترین پاشەکشێ بە ڕێژیم بکەن بوونی ڕێکخراو و سازمانێکی شۆڕشگێڕ پێویستییەکی بێ ئەملاو ئەولایە؛ بۆیە ڕێژیم لەو شارانەی کە خۆپیشاندان دەکرێ کەسانی پێشەنگ وەک گەورەترین مەترسی لە سەر مانەوەی خۆی دەبینێ و بۆ بێدەنگکردنیان هەموو جینایەتێک دەکات.

ئەو کەسانەی کە لە خۆپیشاندانەکانی ئێستادا بە ئیلهاموەرگرتن لە هزرێکی شۆڕشگێڕانە و بۆ ڕوخانی ڕێژیمی توتالیتێری ئاخوندی و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکرات و گەلی لە گۆڕەپانی خەباتدا چالاکی دەکەن جێگای ڕێزن و دەبێ وەک قارەمان سەیر بکرێن . لە هەمانحاڵدا کەسانێکی نەفس نزم و هەلپەرست کە ڕوخانی ڕێژیم زراوی تۆقاندون دەیانهەوێ بە هەندێ قسەی بێ بنەما و بێکردەوە خۆیان بخزێننە نێو ڕیزی شۆڕشگێڕان و بۆ داهاتووی خۆیان ماسییەک لەم ئاوە لیڵە بگرن دەبێ باشتر بیانناسین.

ئەمانە مۆرە سووتاوەکانی ڕێژیمن کە پێیان وایە چیدی ڕێژیم کاریان پێناسپێرێ و بەهۆی کردەوە ناشیرینەکانیان لە ڕابردوودا، داهاتووی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن .

پێشەنگی ئەم جۆرە کەسانە لە ئێراندا کەسانێکن هەڵبڕاو لە بەرەی ڕیفۆرمخوازەکان یان کەسێکە وەک ئەحمەدی‌نەژادی تیرۆریست، سەرکۆماری پێشووتری ڕێژیم .

ئەم جۆرە کەسانە ئێستاش ڕەخنەگرتن لە ڕێبەری ڕێژیم بە هێڵی سوور دەزانن . ئێران بە یەک نەتەوە دەبینن و تەنانەت بە پێی ئەرزشە دینییەکانی ڕێژیم شەڕی باندبازی و زەرگەرییەکەیان دەکەن.

لەواقیعدا ئەمانە ئەو مۆرە سواوانەن کە لەوانەیە دەستیان بە دەرەوەی وڵاتیش بەند بێ و بۆ دزەکردنە نێوان ڕیزەکانی خۆپیشاندەرانی شۆڕشگێڕ و ڕوخێنەری ڕێژیم لە هەوڵی دروستکردنی گوتارێکی دیکەدان کە ڕێژیم بە سیمایەکی نوێترەوە بهێڵنەوە و پێش بە ڕوخانی بگرن .

ئەمانە موچەخۆرانی حکومەتین کە لە زۆربەی شار و پارێزگاکانی ئێران و کوردستانیش نمونەییکیان لێ پەیدا دەبێ و لە ئەگەری بەرفراوانتربوونی خۆپیشاندانەکان، لەلایەن ڕێژیمەوە زیادتر دەسەڵاتیان پێدەدرێ و زیاتر دەردەکەون .

هەر بۆیە زۆر پێویستە سیمای ڕاستەقینەی ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بە خەڵک بناسرێ و زیاتر ڕیسوا بکرێن. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم قۆناغە لە خۆپیشاندان ئەوە بوو کە لیدێر و کەسانی پێشەنگ و شۆڕشگێڕ بە ئاشکراتر لە مەیداندا حازر بوون و بە بێ گوێدان بە زەبروزەنگی ڕێژیم خەڵکیان هۆشیار کردەوە و بۆ ڕوخانی یەکجاری ڕێژیم دروشمیان دا.

دروست بوونی هاوپەیوەندی لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا خاڵێکی نوێ و بەهێزتری ئەم خۆپیشاندانانە بوو . هۆشیاربوونەوەی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرفراواندا لە جوغرافیای ئێراندا ڕوی دا و بەردەوام ڕووی لە زیادبوونە. شۆڕش لە پەراوێزی ئێرانەوە ڕوو دەکاتە ناوەند هەر ئەمەش کۆنترۆڵی خۆپیشاندانەکان لە داهاتوودا بۆ ڕێژیم ئەستەمتر دەکات .

ئەم کەتوارانە و چەندین کەتواری دیکە باس لەوە دەکەن کە نەتەوە ژێردەستەکان چیدی چاوەڕێی ناوەند نابن بۆ ئاڵوگۆڕ و ئەوە هێزی ئەمانە کە ئاڵوگۆڕ لە ناوەندا پێک دەهێنێ یان بۆ هەمیشە وەلای دەنێ. هەمووی ئەمانەش لە هێزی ئیرادە و مەزنیخوازانەی ئەو تاکە بە هەڵوێست و شۆڕشگێڕانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەرکەکانی خۆیان لەم قۆناغە هەستیارەدا دەزانن و دەبنە ڕێنیشاندەر بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لە بندەستی .

# گۆلی ورمێ لە زیندووبوونەوە هەتا تۆفانی خوێ!!

هیوا خانی



سەردەمانێک دەنگی شلّق و هۆڕی شەپۆلەکانی گۆلی ورمێ کە لە کەنارەکانی دەدا و هەیبەتی دەریای بێسنوور و لە جۆش هەموو کەسی تووشی سەرسوڕمان دەکرد.

زیندوو و هەژان و بەربڵاوی جوانی تایبەت بە خۆی هەبوو!. بەهرەمەندی و پڕتامی و سەفای هەموو کات خەڵکی بۆلای خۆی ڕادەکێشا. لە چوار دەوری ٢١ ڕووباری پڕئاوی وەرزی و دایمی و ٤٩ چۆمی کاتی دەڕژانە ئەو گۆلە و شەپۆلەکانیان هەراوتر و دەوڵەمەندتر و یاخیتر دەکرد!.

یەکێک لە گۆلە هەرە گەورەکانی خوێ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە نێو کوردان بە بەحری خوێ بەناوبانگ بوو. ئەو سروشتە جوان و دڵرفێنەی و کانگای خۆشی و داهاتی خەڵکی دەوروبەر بە هۆی بێ تەدبیری و نەزانی ڕێژیمی مەلایان ئەمڕۆ لە گیانەڵڵادایە. دیارە هۆی سەرەکی وشکبوونی گۆلی ورمێ بۆ بڕینی ڕەگی حەیاتی ئەو گۆلە لە بە دەیان ڕەگی ورد و درشت کە چوار دەورەی یەکیان دەگرت و وەک ڕووبار دەڕژانە نێو جەستەی پڕتینی و زیندوویان ڕاگرتبوو دەگەڕێتەوە.

ڕێژیم بە گرتنەوەی ئەو ئاوانە و سازدانی بەنداوی ناکارناسانە و گۆڕینی ڕێڕەوە ئاوییەکان و گلدانەوەی بۆ مەبەستی تر و ڕاگواستنی بۆ شارەکانی دیکە ئەو بەڵایەی بەسەر ئەو گۆلە هێنا کە ئەمڕۆ دەیبینین. گۆلی ورمێ ئەمڕۆ دوارۆژەکانی تەمەنی خۆی ئەزموون دەکات و قەرارە بە هاواری بگەن و ئاوی زێی بچوکی بە گەروو داکەن! بەڵام ئەوە نووشداررووی پاش مەرگی سۆهرابە!

دیارە بۆ دەسپێکی هەر کارێک لە پێشدا هەڵسەنگاندن و کارناسی کردن و لێکدانەوەی لایەنە پۆزەتیڤ و نێگاتیڤەکانی کارهکە دەستنیشان دەکەن. لەگەڵ ئەوەی لە بواری ژینگەپارێزی و ئابووری و وەرزێری و پیشەیی کارناسان ڕاپۆرتەکانیان سەبارەت بە گلدانەوەی ئاوەکانی ئاوەڕۆی گۆلی ورمێ و سازکردنی بەنداو لەسەر ئەو ڕووبارانە و گواستنەوەی ئاو بۆ شارەکانی تر ڕێژیمیان ئاگادار کردبوویەوە کە ئەوە کارێکی مەترسیدارە و لە داهاتوودا ئاکامی ئەو کارە چەوتە یەخەی خەڵک و ناوچەکە دەگرێ.

لەو لاشەوە بەپێی تاقیکاری جیهانی نموونەی کارکراو گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکان لە هەموو جیهان شکستی خواردووە! کەچی بەبێ گوێدان بە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ڕای کارناسانی بوارە جۆراوجۆرەکان دەست دەکات بە کەڵکوەرگرتنی جۆراوجۆر لەو ئاوانەی دەڕژێنە نێو ئەو گۆلە. کەڵکوەرگرتنی نابەجێ لەو ئاوانە گۆلی ورمێیان بەو ڕۆژە برد!! بۆ نموونە ئاوی سەهەند و سەبەلان و لە سەرابەوە هەتا بەستێنی بەحری ورمێ جۆرها کەڵکی لێوەردەگیرێ؛ ئاوەکانی خۆی و سەلماس وەرزین و لەبەهاریێ ڕا ناگەنە بەحرێ. ئاوەکانی ئەنزەل و برادۆست و مەرگەوەڕ و باراندۆزی بۆ ورمێ و کارگە و کارخانەکانی ئەو شارە تەرخان کراوە! ئاوی گادەری لە پاشاوی بەنداوی حەسەنلیان بۆ پاراوکردنی دێمە شۆرەکاتەکانی دەوروبەری بەنداوەکە کەڵکی لێوەردەگیرێ.

ئاوی مەنگورایەتی مەهاباد لە بەنداوی ئەو شارەڕا دەشتی شاروێران دەدێرێ. تەتەهوو و جەغەتوو بۆ تەورێز و شارەکانی دەوروبەری ڕادەگوێزرێن. یانی تەواوی ئەو ئاوانەی دەڕژانە ئەو گۆلە یان نەدەگەیشتنە بەستێنی گۆلەکە! یان زۆر کەم بونەتەوە بۆیە ئێستا گۆلی ورمێ لە ئاوزینگداندایە.

پاش ئەو کارانە هەست کرا گۆلی ورمێ بەرەو وشکبوون دەچێ، بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ زیندووکردنەوەی تەرخان کرد؛ سێ چوار ساڵان هەر کۆبوونەوە و قسەکردن بوو. چەند جار موتەممەمی بودجەی بۆ لێداوە و بودجەی تازەیان بۆ تەرخان کرد! هەتا ساخ بونەوە ئاوی زێی بچوک هەڵبڕن و وەسەر گۆلی ورمێی گێڕن! دیسان بەبێ گوێدان بە ڕای کارناسان کارێکیان کرد وەک کورد گوتەنی: «عوزر لە قەباحەتێ خەراپتر!!» کارێک کە ئاکامی چەوتی ئەمڕۆ لە خوزستان دەبینین! لە خوزستان بە هەڵبڕینی ئاوەکان لە سەرچاوەوە بۆ شارەکانی کەویری ئەمڕۆ دەستی خوار سەرچاوەکان تووشی قەیرانی بێئاوی و وشکەساڵی بوونە. هاواریان لێ بڵیند بووە و هاتوونەتە سەر شەقام. بە گواستنەوەی ئاوی زێی بچوکیش بۆ بەناو زیندووکردنەوەی گۆلی ورمێ - کە ڕاست نییە و ئامانجی دزێوی دیکەی لەپشتە - کارێکی لەو جۆرەیە و سبەی ئاکامی ئەو کارە چەوتە لێرەش خۆ نیشان دەدات. چوونکە گۆلی ورمێ ٢٤ میلیارد میتری سێجا کورتی هێناوە و بەقسەی بەرپرسان ٥٠٪ ئاوی زێیە بۆ بەحرێ بەرێ دەکەن یانی ساڵانە دەوروبەری ٤٣٥ میلیۆن میتری سێجا. کەی ئەو ڕاددەیە قەرەبوو دەبێتەوە! ئێستا لە سەر زێی بچوک چوار بەنداو لێدراون و لێدەدرێن!

سێیان لە ناوچەی پیرانشار و یەکیان لە سەردەشت لێدراوە کە بەپێی ڕای کارناسانی بواری زەوی و سەرچاوە ئاوییەکان سەرەڕای گۆڕینی ڕێڕەوە ئاوییەکان کە کارێکی شکستخواردووە بوونی ئەو هەمووە بەنداوانە ئێکۆسیستمی ناوچەکە دەگۆڕێ و بێئاوبوونی خوارووی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕێڕەوە ئاوییەکان بەتایبەت هەرێمی کوردستان دەخاتە تەنگژەوە.

بۆ سەرووی بەنداوەکانیش هەوایەکی شێداری نامۆ بۆ ناوچە و ڕۆچوونی زەوی و وەجموجۆڵ کەوتنی پساوەی قەندیل ( فعال شدن گسل قندیل ) پێشبینی کراوە. لە پیرانشار دوو ڕێڕەو بۆ گواستنەوەی ئاوی سەرچاوەکانی زێی بچوک دیاری کراوە کە یەکێکیان شێوەی کاناڵی سەرئاوەڵە دەڕژێتە بەنداوی چەپەراوێ و ئەویتر بە شێوەی تونێلی ژێرزەوی لە بەنداوی کانی سێوێ و لە سەرووی گوندی ڕکاوێ بەرێدەکرێ و لە دەشتی سندووس لە گوندی بەگمقەڵا هەڵدەڕژێ و بەرەو گۆلی ورمێ قەرارە بڕوا.

دیارە لەبری دزینی ئەو ئاوە و بۆ ئەوەی چاوی وەرزێرانی پیرانشاری پێ ببەستن زەوییەکانی ناوچەی پیران و لاجانییان لولەکێشی ئاو بو ئاودێری بە شێوەی بارانی کردووە.

لەگەڵ ئەوەی کارەکانی تەواو بووە بەڵام هێشتا ئاویان تێنەکراوە و ڕادەستی شیرکەتەکانی تەعاونی وەرزێران نەکراون. کێشەکە ئەوەیە کە شیرکەتەکان دەخوازن ئاو لە ڕێڕەوی ئاو و لوولەکان بکرێ و تاقی بکرێتەوە باش دەرچوون وەریان دەگرین، پەیمانکارەکانیش کە لەگەڵ چاوەدێرەکان (ناظرین) و بەڕێوەبەری گەڵاڵەکە (مجری طرح) دەستیان وێک داوە، دەڵێن ئێمە کاری خۆمان کردووە و ڕادەستی بەڕێوەبەری گەڵاڵەمان کردووە و چاوەدێرەکان واژۆیان کردووە.

کاریێ ئێمە تەواو بووە!! هێندێک لەسەر ئەو بڕوایەن کە پەیمانکارەکان دەغەڵییان کردووە و کەرەستە باشەکانیان گل داوتەوە و کەرەستەی ئاشاغ و ئەیاغ (بنجل و خراب)یان لە جێگای تێهاویشتووە کە وەڵامدەرەوە نین!! ئێستا خەڵک چاوەڕوانی وەڕێخستنی ئەو پرۆژەیەن کە زۆر بە سەقەتی دامەزراوە. هەڵبەت ئەوەش بڵێین کە تەنیا لەبەر چاوی جوانی وەرزێرانی ناوچە یان لە ترسی نارەزایەتی ئەو کارەیان نەکردووە بەڵکوو بۆ ئەوەی وەرزێرەکان بەم شێوە ئاو خەرج نەکەن، بەو کارە ئاویان بۆ جیرەبەندی دەکەن و بۆخۆیان چاوەدێری خەرج کردنی دەکەن!.

لەو لاشەوە چەند ڕۆژ لەوە پێش حەسەن ڕوحانی لە کۆبوونەوەیەکدا بە ئەرخەیانی مزگێنی زیندووکردنەوەی گۆلی ورمێی دا کە پاش دوو مانگی دیکە ئاو بۆ ئەو گۆلە وەڕێ دەکەوێ !! «کەرە مەمرە بەهارە«. بەڵێ لەوانەیە وەڕێ کەوێ بەڵام حەسەن ڕوحانی و هەموو کاربەدەستەکانی ئەو کارە باش دەزانن کە ئەو ئاوە ئەو بەحرەی پێ زیندوو نابێتەوە ئەو ئاوە جێگرەوەی ئەو هەموو ئاوە نابێ کە لەسەر ئەو بەحرەیان بڕیوە! ئەو ئاوە نابێ بە یەک لەسەر چواری ئاوەکانی ورمێ و شنۆ و مەهاباد و بۆکان کە دەڕژانە نێو ئەو بەحرە. دەوڵەت لەباتی ئەو هەمووە خەرج و باجە و تەخشان پەخشان کردنی سەروەتی خەڵکانی ئێران بەس بەنداوەکانی هەڵڕشتبایە نێو گۆلی ورمێ لەوانە بوو زیندوو ببایەوە بەڵام ناشارەزایی کاربەدەستانی ڕێژیم کارێکی لەگەڵ کردووە کە تازە زیندووبوونەوەی گۆلی ورمێ بۆتە کارێکی مەحاڵ.

هەر پاش قسەکانی ڕوحانی لە ناوچەی ئەنزەل تۆفانی خوێ ئەو مەترسییەی پێشبینیان کردبوو وەڕێ کەوت.

ئەوە سەرەتای کارەساتێکی سروشتییە کە بە دەستی کۆماری ئیسلامی خوڵقاوە و چارەسەری کارێکی ئاسان نییە.

# پێمەڕەی خۆی بە خەڵک دەدات و خۆی بەدەست ئاودێری دەکات

دڵنیا لوتفی

ئەم یاسایە لەنێوان داگیرکەرانی خاک و ئاوی کوردستاندا بوونی هەیە کە گەر گۆشتی یەک بخۆن ئێسکی یەک ورد ناکەن و تا بەرژەوەندییان بۆ یەکتر تێدا هەبێت خەمخۆر و دڵەوەرێزی یەکترن و چاوێکیان لە یەکترە.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دارستانەکانی پارێزگای «ئانتالیا» لە وڵاتی تورکیە بەناوی «مانڤگات» تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون و ڕووداوەکانی پەراوێزی ئەو ئاگرکەوتنەوەیە زاری خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد بە تەڵەی تەقیوەوە و ئەو کردارەی ڕێژیم بوو بە یەکێکی دیکە لەو کردەوانەی کە قسەکان و ئیدیعاکانی خۆی وەدرۆ خستەوە. لە ئاگرکەوتنەوەکانی «مانڤگات»ـدا ڕێژیمی ئێران هەموو هەوڵی خۆی بۆ یارمەتیدان بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە خستە گەڕ و بە هەستاندنەوەی فڕۆکەی ئاگرکوژێنەوە و هێلیکۆپتێر بوو بە یارمەتیدەر و خەمخۆرێکی باش بۆ دەسەڵاتێکی حاکم لەسەر یەکێکی دیکە لە پارچەکانی کوردستان. ڕێژیمی ژیانکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ یارمەتیدان بە کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە بەربڵاوە کە لە تورکیە ڕووی دا، فڕۆکەی «ئیلیۆشینی ٧٦ تی دی» سەر بە سپای تێرۆریستیی پاسدارانی بۆ ئەو مەبەستە هەڵفڕاندووە کە هەر جارە بە هەڵگرتنی ٤٠ تۆن ئاو چووەتە سەر ئاسمانی تورکیە و هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکەی داوە و بەدەر لەو فڕۆکەیە دوو هێلیکۆپتێریشی لە خزمەت تورکیە بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرکەوتنەوەیەدا داناوە. ئەم هەوڵانەی ڕێژیم بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی ئانتالیا لەحاڵێکدایە کە ماوەی چەندین مانگە و هەر لە سەرەتاکانی هاتنی وەرزی بەهارەوە دارستانەکانی زاگرۆس بەردەوام و ڕۆژانە تووشی ئاگرکەوتنەوەی قورس دەبن و سەرەڕای هەوڵ و تەقەلا و داواکاریی زۆری خەڵک، ڕێژیم هیچ هەوڵێکی بۆ یارمەتیگەیاندن بە دارستانەکانی زاگرۆسی نەدا و جار واش بوو لەباتی ئاگرکوژاندنەوە و یارمەتیگەیاندنی ژینگەپارێزان، خۆی لەلایەکی دیکەوە ئاگری لە دارستانەکان بەر دەدا؛ هەرچەند ئەو ئاگرانەی زاگرۆس هەموویان لەلایەکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەرچاوەکەی خودی ڕێژیمە و قورس بوونەوەی ئاگرەکان جیا لەوەی کە ژینگە و ئێکۆسیستمی تێک دەدا هەڕەشەی لە گیانی ژینگەپارێزان دەکرد و دەکات و ئەمە ئامانجی خودی ڕێژیمە و حەزی دڵی داگیرکەری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە کە نەک تەنیا دارودەوەن بەڵکوو خەڵکی زاگرۆس نشینیش لە ئاگری ئامانجە نگریسەکانیدا بسووتێن. ئەم خەمساردی و کەمتەرخەمییەی ڕێژیمی ئێران بەرانبەر بە کوردستان و زاگرۆس بەپێچەوانەی ویستی ئەو، وڵامی دراوەتەوە کە قاقڕکردنی نیشتمانی کوردانە و بەپێچەوانەوە جۆرێکی تایبەت لە نیشتمان خۆشەویستیی دروست کردووە کە ناتوانن پێشیشی پێ بگرن! ئەمە ئەو چەکەرەی زەینییەیە کە لە سێبەری جەنایەتەکانی ڕێژیمدا بنچکی لە دەروونی کورداندا داچەقیوە و هەوڵەکانی داگیرکەری ئەم خاکە وایە کە چی دەکات وڵامی پێچەوانەی لێ وەردەگرێتەوە لە کوردستاندا. بەڵام خاڵی جێی سەرنج لێرەدایە کە ئەو فڕۆکە ئاگرکوژێنەوەی ڕێژیمی ئێران کە بۆ ئانتالیا نێردراوە، هەمان فڕۆکەشە کە پێشتر بۆ ناردنی چەکوچۆڵ بۆ گرووپی «فاتمیوون» لە سووریە کەڵکی لێ وەردەگیرا، واتە ڕێژیمی ئێران بە گەیاندنی یارمەتی بە دەسەڵاتداران لە ناوچەکە هەوڵی دەست لەمڵان بوون و گیانی گیانێ بوونەوە لەگەڵیاندا دەدات بۆ ئەوەی دەستی ئاوەڵاتر و دابینتر بێت بۆ دژایەتیی زیاتری گەلانی ژێرچەپۆکی خۆی.

ئەم هەوڵەی ڕێژیم بۆ خۆنواندن لە بەرچاو دەوڵەتی تورکیەدا بۆ وەرگرتنی پشتیوانیی زیاترە بەهۆی هەستکردن بە مەترسیی لەناوچوونییەوە بەدەست گەلانی ژێرچەپۆکی خۆی، چون ڕێژیمی ئێران باش لەوە تێگەیشتووە کە نەتەوە بندەستەکانی ژێر دەسەڵاتداریی ئیتر بەو وشیارییە جەماوەرییە گەیشتوون کە ئەو ڕێژیمە جگە لە نەهامەتی چی دیکەی بۆ بەرهەم نەهێناون و ئەم بابەتە لە کوردستاندا زۆر ڕوونتر خۆی دەنوێنێت. ئیتر ئاوایە و بەرژەوەندییەکانی نیزام وادەکات کە ئاگرکوژێنەوەی دەوڵەتێک کەرەستەکانی لە ماشینێکی ئاگرکوژێنەوەی بێ ئاوەوە هەڵدەسووڕێت بۆ فڕۆکەیەک کە هەر جارە ٤٠ تۆن ئاو هەڵدەگرێت و مەودای سنوورێک دەبڕێت بۆ ئاگرکوژاندنەوە.



کردەوە نەپێژراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تا ئاستێک بێزارکەر بووە و ڕووی لە خۆی داماڵیوە کە هەر وەک دەڵێن ئیتر ئاو لە سەری تێپەڕیوە و لە ڕوو ناچێتەوە و ئیتر بەو چەشنە کارانە ڕێگایەک بۆ دەربازبوون لە ڕەخنە و گازندە و بەرۆک لێهەڵپێچانی، بوونی نامێنێت و تەنیا شتێک کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ هەموو چین و توێژەکانی ژێر چەپۆکی کۆماری ئیسلامی دەسەلمێت کە تەنیا شتێک ئەو ڕێژیمە بە لایەوە گرینگە مانەوەی بێ شەرمانەی خۆی لەسەر کورسیی حوکمڕانییە. ئەم کردەوەیەی ڕێژیم و هەڵگرتنی ئاو و تێپەڕینی بەسەر ئاگری زاگرۆسدا بۆ کوژاندنەوەی ئاگری وڵاتێکی دیکە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت کە کاتێک ئاوی وڵاتێک بە ئاوری وڵاتێکی تردا دەکات و دەیکوژێنێتەوە ئاساییە کە وڵاتەکەی ژێر چەپۆکی خۆی دەبێ لە ئاگردا هەڵقرچێت و خەڵکەکەشی لە بێ ئاویدا زاریان شەقار ببێت.

# بۆ دەبێت ڕۆڵی ژنان لە مەیدانی شۆڕشدا کرچ و کاڵ بێت؟




**ئیرادەیەکی پتەو لە بەرانبەر نادادپەروەریدا، هەستانەوە و بەگژداچوونەوە و هەروەها ملنەدان بە زەبروزەنگی دەوڵەتی داگیرکەر واتە ئەوپەڕی شیاوبوونی نازناوی شۆڕشگێر.**

**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وێڕای چەرمەسەری و نەهامەتی، هەمبەر بە دوژمنانی وڵاتەکەمان ڕاوەستاون و سەرەڕای ئەوەش خۆنەویستانە چوونەتە مەیدانی شەڕەوە**

**سەمیرا عەزیمیان**

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستان وەک وڵاتێکی دابەشکراو پرۆسەیەکی بەردەوام و مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە. بە درێژایی ئەم مێژووە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیان کردووە و ڕێڕەوی خەبات و تێکۆشانی خۆیانیان دیاری کردووە،نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیادتر لە هەموو گەلانی دیکە خولقێنەری شۆڕش و ڕاپەڕین دژی نەیاران بووە و زیادتریش قوربانی داوە.

ئیرادەیەکی پتەو لە بەرانبەر نادادپەروەریدا، هەستانەوە و بەگژداچوونەوە و هەروەها ملنەدان بە زەبروزەنگی دەوڵەتی داگیرکەر واتە ئەوپەڕی شیاوبوونی نازناوی شۆڕشگێر. ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد وێڕای چەرمەسەری و نەهامەتی، هەمبەر بە دوژمنانی وڵاتەکەمان ڕاوەستاون و سەرەڕای ئەوەش خۆنەویستانە چوونەتە مەیدانی شەڕەوە.

کۆی ئەو فاکتەرانە لەگەڵ ئەوەی پێکهێنەری دەرفەت و هەڕەشە بوون بەڵام هاوکات دینامیزمی گۆڕانکاری و زیندووڕاگرتنی بزووتنەوەکەش بوونە، پرسێک لێرەدا پێویست بە ئاماژەکردنە و دەخرێتە بەر باس ئەوەیە کە بۆ دەبێت ڕۆڵی ژنان لەم شۆڕشەدا کرچوکاڵ بێت؟

وێدەچێت یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکان باوەڕبەخۆنەبوون بێت. بەدڵنیاییەوە دابونەریت و کەلتووری دواکەوتوو لەوانەیە گەورەترین تاوانی لەم پرسەدا هەبێ، پاشان نەبوونی متمانە و گوێڕایەڵکردنی ژنان لە چوارچێوەی بڕیاردا لە گەورەترین سەرکوتکارییەکانی کۆمەڵگا بەئەژمار دێ.

بە سەرنجدان و تاوتوێکردنی ناوەڕۆکی باسەکە، ژنان جەوهەری شۆڕشگێڕانە و پوتانسییەڵی خەباتکاری لە بزووتنەوەکەیان هەیە و دەتوانن ڕۆڵێکی پڕشنگداریان هەبێ، هەروەها دەربازبوون لە بیری دواکەوتووانە و هەڵوەشاندنەوەی ئۆسوولی چەوساندنەوە بە یەکەم ئەرکی گرینگ دادەنرێت.

**ژنان جەوهەری شۆڕشگێڕانە و پوتانسییەڵی خەباتکاری لە بزووتنەوەکەیان هەیە و دەتوانن ڕۆڵێکی پڕشنگداریان هەبێ، هەروەها دەربازبوون لە بیری دواکەوتووانە و هەڵوەشاندنەوەی ئۆسوولی چەوساندنەوە بە یەکەم ئەرکی گرینگ دادەنرێت**

ژنانی خاوەن هەڵوێست و خاوەن ئیرادەی بەرز دەتوانن بەسەرهاتی تاڵ و ژیانی تاقەتپڕووکێن و ژیانێک لە شانازی و بەختەوەری هەڵبژێرن، ئەمڕۆکە هەلومەرجی سەرهەڵدانی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و بەها مرۆییەکان دەتوانێ گەورەترین دەرخەری یەکسانی بۆ ئەم پرۆسەیە بێت و سەرکەوتنی ژنان لە هەموو بوارەکانی پێشکەوتندا دەستەبەر بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەکۆی گەشەکردن و پەروەردەبوون وەک بنیاتی شۆڕش دەزانێت و هاوکات گۆڕەپانی دەروەست گەرایی و خۆپێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتایبەتە و بۆ بەرەوپێشڤەچونی سەرانسەری کۆمەڵگا و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەشداری ژنان لەم شۆڕشەدا بە ئەرکی هەرە پیرۆز دەزانێت، لە پاڵ ئەوشدا وەدیهێنەری مافە پێشێلکراوەکانی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و پاڵپشتییان لێدەکات.

حیزب هەم دەتوانێت کەشێکی ئەوتۆ لە بەرانبەر چەوساندنەوە و بێ چارەنووسیدا پێک بێنێ یان ڕێک پێچەوانەوە دەتوانێت دروشمێکی دەستکرد بێت کە بەرژەوەندییەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نەک مافی ژنان بە ئەساس دەزانێ بەڵکوو ڕێکخراوی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە لەمەڕ هەموو پرسەکانی تایبەت بە ژنان. ئەم ڕێکخراوەیە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دامەزراوە لە قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات وەک خەباتی ئاشکرای ساڵی ١٣٥٧تاکوو ئێستا کە قۆناغی نوێی خەباتمان، ڕاسانی خۆرهەڵاتە بەردەوام لە پەرەئەستاندن بووە و سەرەڕای بەهێزکردنی بیروڕاکان و پێشکەوتوویی ڕێکخراوەکە ئەمڕۆکەش ملکەچکردنی ژنان لە کۆمەڵگادا بە نادادپەرەری دەزانێت. هەروەها لە سەر پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ پێداگرە و دژی هەموو چەشنە توندوتیژییەکە کە بەرانبەر بە ژنان و مافە ڕەواکانیان دەکرێت، هاوکات لە پێناو ئامانجەکانی ڕێکخراودا چارەسەری ئەزموونە تاڵەکان بۆ خاشەبڕکردنی پرسی ستەمکاری دەخاتە گەڕ. یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکان کە پەیوەندیدارە بە ناوەڕۆکی باسەکە ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوتەریب لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی، خەبات بۆ لەبەرچاوگرتنی مافی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکات کە لە تایبەتمەندییەکانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتییە.

کەواتە مانەوە لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و هەروەها مسۆگەرنەکردنی بایەخە کۆمەڵایەتییەکان کە پێوەندی بەم پرسەوە هەیە کە ئاماژەی پێ دەدرێ ئەوپەڕی بندەستی و بێ دەسەڵاتییە. هەر بۆیە ڕووخاندنی ئەم سیستمە و جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستە کە ژنان ئەوپەڕی بڕوا و توانایی خۆیان لەهەمبەر داگیرکەر بنوێنن. بەشداری کردن لەم شۆڕشە هەنگاوێکی پتەو یاخود هەستانەوەیەکی مافویستانەیە لە پێناو بایەخ و بەها هاوبەشەکاندا.

**بۆ ڕووخاندنی ئەم سیستمە و جێگیرکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستە کە ژنان ئەوپەڕی بڕوا و توانایی خۆیان لەهەمبەر داگیرکەر بنوێنن. بەشداری کردن لەم شۆڕشە هەنگاوێکی پتەو یاخود هەستانەوەیەکی مافویستانەیە لە پێناو بایەخ و بەها هاوبەشەکاندا**

بێجگە لەوەش یەکێک لە ئەرکە هەرە پێویستەکان بۆ سەرخستنی ئەم شۆڕشە و گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی گەلەکەمان، ژنان بە لێهاتوویی و متمانە بەخۆبوون بە بەشداری لەم خەباتە کە ئامانجی ڕزگاری کوردستانە ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و کۆتایی بە نارەوایی و هەموو کردەوە دژەمرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بێنن.

## وێستگە

# حیزبی دێموکرات و پرسی ژنان

## بەشی یەکەم: بەشداریی سیاسیی ژنان



**نووسین: هێمۆ**

لە ٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵدا ٧٦ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێت؛ حیزبێکی پێشەنگ و پێشڕەو کە لە هەموو قۆناغە تایبەتەکانی خەباتەکەیدا هەوڵی داوە گرینگی بە هەموو توێژەکانی ژینگەی خەباتەکەی بدات.

حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، ژنانی وەک بەشێکی گرینگ لە خەباتکارانی خۆی پێناسە کردووە و لە هەموو قۆناغەکان و هەموو هەلومەرجێکیشدا هەم گرینگیی پێ داون و هەم کات و ئیمکانات و پێداویستیشی بۆ دابین کردوون.

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا دەخرێتە بەر باس، پرسی بەشداریی سیاسیی ژنان لە حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی ئەم حیزبە بەم لایەنە لە خەباتی ژنانی کوردستانە.

دیارە کە هەر لە سەرەتای خەباتی ئێمەوە، ژنان بەشدارییەکی کارا و بەهێزیان لە حیزبدا هەبووە، ئەگەرچی لە سەرەتاکانەوە بەهۆی دابونەریتی زاڵ بە سەر کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستاندا، ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرەی کە پێویستە و دەشێ بەشداری ئەم خەباتە بن بەڵام هەر لەو کاتەشەوە بە هەست کردن بە بەرپرسایەتی بەرانبەر بە خەباتەکە و هەروەها نیشتمانەکەی خۆیان، ئەوەی کە بۆیان لوابێ، کردوویانە و لەم پێناوەشدا بەدڵنیاییەوە هەم نرخیان داوە و هەم بوونەتە قوربانی، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ئیرادەی بەردەوام بوونیان هەبووە و خەباتەکەیان بە ئەمڕۆ گەیاندووە تاکوو نەسڵی نوێ درێژەدەری ڕێبازەکە بن و زیاتر لە جاران لە کایە سیاسییەکاندا ڕۆڵ بگێڕن.

ئەگەرچی ژنان لە سەرەتاکانەوە ڕەنگە تەنیا ڕۆڵی پشتیوانیکردن لە خەباتەکەیان لە ئەستۆ گرتبێ و تەنیا بەو شێوازە بەشداری خەبات بووبێتن بەڵام حیزبی دێموکرات وەک ماهیەتی خۆی کە بەردەوام هەوڵی داوە خۆی لەگەڵ گۆڕانەکانی کۆمەڵگا ڕێک بکاتەوە و خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرچاو بگرێت و بەپێی دەرفەت و هەلومەرجی کۆمەڵگا بەرنامە و پلان بۆ داهاتوو دابرێژێ، بە هەست کردن بەو ڕاستییە کە ژنانیش وەک بەشێکی گرینگی ئەم کۆمەڵگایە مافیان هەیە کە بەشداری لە پرسە سیاسییەکاندا بکەن، زیاتر لە پێشوو دەرفەتی بۆ ڕەخساندن، تاکوو بە فەرمی لە ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا، لە ژێر ڕێنوێنییەکانی پێشەوا قازی محەممەددا، یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان دامەزرا تاکوو ببێتە بنکەیەکی بەهێز بۆ خۆدیتنەوە و بەهێزبوونی ژنان لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و لە هەمان کاتیشدا دەرفەتێکی باش بۆ پەروەردەبوون و بەشداری لە سیاسەتدا.

ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکەمین ڕێکخراوێک بوو کە ژنانی هێنایە نێو کایەی سیاسەتەوە و هەوڵی دا تاکوو کەڵک لە توانایی و پۆتانسییەلی ژنان بۆ بەڕێوەبردنی کار و ئەرکەکانی خەبات وەربگرێت بۆیە ئێستاشی لەگەڵ بێت، پاش ٧٦ ساڵ ئەم ڕێکخراوەیە هەروا چالاکە و ڕۆڵێکی گرینگیش لە پەروەردە و بارهێنانی ژنان و کچان لە بەشداری کردن لە سیاسەت و کاری سیاسیدا دەگێڕێت.

ئەگەر دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وەکوو خاڵێکی دەسپێکی گرینگ چاوی لێ بکرێت، قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوەکەمان لە ژێر ناوی «ڕاسانی ڕۆژهەڵات»، توانیویە ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگ لە بەکردەییکردنی بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بگێڕێت.

لەم قۆناغە نوێیەدا، حیزبی دێموکرات وەک حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی، بە دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و بەتایبەتیش توێژی ژنان، توانی لە بەشدارییپێکردنی ئەم توێژە لە خەباتدا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و گرینگ ببینێ، تا ئەو جێگایە کە ئەتوانین پەیوەستبوونی ژنان و کچان بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەک هێمای بەرچاوی ئەم بەشدارییە ناو ببەین کە چیدیکە ژنان و کچانی نیشتمانی ئێمە، گوێڕایەڵی دابونەریت و باوەکانی کۆمەڵگا نین کە ئەوان تەنیا وەکوو دایک پێناسە بکاتەوە بەڵکوو ئەوان لەو چوارچێوەیە هاتوونەتە دەرێ و بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خۆیان، مۆرکی شۆڕشگێڕبوون لە خۆیان دەدەن و ئامادەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ بکەن و هاوکات لەگەڵ ئەوەش بە خۆپێگەیاندن و هەوڵدان، لە بازنەی سیاسەتدا گەشە بکەن و وەک تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە، هەنگاو بۆ نێو بازنەی سیاسەت بهاوێن و کۆت و بەندی کۆیلایەتی و بەستراوەبوون بە نەریتە دواکەوتووەکان بپچڕێنن، بۆیە بە دڵنیاییەوە بەردەوام بوونی ڕاسان و پەیوەستبوونی زیادتری ژنان و کچان بەم خەباتە نوێیە، دەتوانێ لە سەر داهاتووی خودی ژنانیش بەگشتی کاریگەریی هەبێت.

دیارە کە هەبوونی ژنان و کچان لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا جیا لە ئەرکی سیاسی، ئەرکی پێشمەرگانە و نیزامیش دەخاتە سەر شانیان کە لە ژمارەی داهاتووی «ڕۆژنامەی کوردستان»دا زیاتر لە سەری دەنووسم.

# گرینگیی ناسین و جیاکردنەوەی قەیرانە دەستکردەکانی ڕێژیم



پێشەوا ساڵحی

ناسین و جیاکردنەوەی قەیرانە دەستکردەکانی ڕێژیم و قەیرانگەلێک کە ئاڵترناتیڤی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین و لە پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیمدا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن گرینگییەکی هەنووکەیی هەیە؛ بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدرێ بە قامکخستنە سەر بەشێک لەو قەیرانانە وێنایەکی درووست بە تاکی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران بدرێت.

بارودۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخوی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیی هەلومەرجێکی قەیرانئاویی و مەترسیداری بۆ ڕێژیم پێک هێناوە؛ بە شێوازێک کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێری ڕووخان و لەناوچوون نزیکتر دەکاتەوە.

بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە سەر مێژووی ڕێژیم، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی لە قەیراندا لەدایک بووە و بە بوونی قەیرانەکانەوەیە کە هەتاکوو ئێستا توانیویەتی خۆی ڕابگرێت، بەڵام بە قەیرانگەلێک کە بۆ خۆی سازی کردبێت و پلانی بۆ دارشتبێت نەک زۆربەی ئەو قەیرانانەی کە ئێستە بەرۆکیان گرتووە!

لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا، ساڵ نەبووە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە ساختەکاری و پلانی پێشووتر، کۆمەڵگای ئێرانیان تووشی قەیران نەکردبێت، بۆ نموونە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی نیشتەجێی ئێران و دەستاودەستبوونی دەسەڵات بە قازانجی خەڵک، خومەینی و هاوبیرانی لە بارودۆخی قەیرانئاوی ئەوکاتەی ئێران کەڵکیان وەرگرت و بە سواربوون بەسەر شەپۆلی شۆڕشی گەلانی ڕاپەڕیو ڕۆڵێکی تێکدەرانەیان گێڕا و لەو پێوەندییەدا توانیان ئەو سەرکەوتنەی کە بە فیداکاری و ڕژانی خوێنی هەزاران کەس لە ڕۆڵەکانی هەموو گەلانی نیشتەجێ لە ئێران بە دەست هاتبوو لە ڕێگای کەڵک وەرگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی و هەست و ئیحساساتی خەڵک بەلارێدا بەرن و بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێوەرگرن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

پاش کۆنترۆڵکردنی شارەکانی ئێران بە دەست خەڵکی ڕاپەڕیوی تینوی ئازادی، بۆ ماوەیەکی کورت کەشێکی نیوەئازادی سیاسی بۆ بانگەشەکردن بۆ ئەوەیکە چ ڕەوت و چۆن سیستمێکی بەڕێوەبەری بە دەسەڵات بگات هاتە ئاراوە. خۆمەینی وهاوبیرانی بە بانگەشەکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی ئیسلامی و بە بەڵێنی درۆ و درووشمی پۆپۆلیستی بەداخەوە لەبەر هەلومەرجێک کە بۆیان ڕەخسابوو توانیان بۆ ماوەیەکی کورت سەرنجی زۆرینەی ئەوکاتەی کۆمەڵگای ئێران بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و لەو ڕێگاوە بە دەسەڵات بگەن.

هێشتا ماوەیەکی کورت لە بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیم تێنەپەڕیبوو کە خۆیان تێکەڵاوی شەڕی نێوخۆیی و دەرەکی کرد هەتاکوو کەشێکی قەیرانئاویی و ئاڵۆز بۆ خەڵک پێک بێنن بۆ ئەوەیکە لەو ڕێگاوە بتوانن هەمیسان سەرەنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

زۆر کەس لە سەر ئەو باوەڕەن کە شەڕی نێوان ئێران و عێراق شەڕێکی بێ دەسکەوت بوو بۆ هەر دو لایەنی شەڕ بەڵام ئەو لێدوانە دوورە لە ڕاستی؛ لەڕاستیدا سیاسەتی شەڕخوازانە بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی ئەساسی گێڕا و وەکوو گەرەنتییەک بەکار هێندرا بۆ مانەوە و بەهێزتربوون و بەردەوامیان لە دەسەڵات.

دەسکەوتی شەڕی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە بە کەڵکوەرگرتن لەو باردۆخە ئاڵۆزە زۆربەی دژبەرانی خۆی لەناو برد و بە بەکوشتدانی گەنجان و ڕشتنی خوێنی خەڵک لە بەرەکانی شەڕ پرۆسەی شەهیدسازی دەستپێکرد و لەو ڕێگاوە توانی ئاوا فکریەتێک بۆ خەڵکی ئەو سەردەمە پێک بێنێت کە کۆماری ئیسلامی بە خوێنی هەزاران کەس پارێزراوە و پاراستنی ئەو ڕێژیمە ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگای ئێرانە، دارشتنی ئەو سیاسەتە بۆ ئەوە بوو کە خەڵک لەگەڵ خۆی ڕێک بخات و هەشت ساڵ شەڕیان پێبکات.

کەواتە پەرەپێدانی شەڕێک کە هەشت ساڵ درێژە بکێشێت، بەلاڕێدابردنی فکریەتی خەڵک و پاساوهێنانەوەیەک بوو بۆ ئەو بەڵێنانەی کە خومەینی و هاوبیرانی پێش بە دەسەڵات گەیشتنیان بە خەڵکیان دابوو و بۆ خۆشیان باش دەیانزانی کە ناتوانن هیچ لەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن و ترسی ئەوەیان هەبوو کە لە ئاکامدا خەڵک بەرەوڕوویان بوەستێنەوە و دەسەڵاتەکەیان بڕووخێنن.

لەلایەکی دیکەشەوە مەبەست پێکهێنانی کەشێکی حەماسی بوو بۆ خەڵک کە لەو ڕێگاوە ئەو بیرە لە مێشکیاندا جێگیر بکرێت، کە ئایین و بەتایبەت مەزهەب و خاکی ئێران لە مەترسی لەناوچووندایە و تاقەڕێگای دەربازبوون لەو کەشە قەیرانئاویی و ئاڵۆزە پاراستنی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئێرانە و هاوڕێیەتی ڕێژیم ڕەمزی سەرکەوتن و دەربازبوونە لە مەترسی لەناوچوونی پیرۆزییەکانی خەڵک؛ بەداخەوە بەو کارە توانیان جارێکی دیکە خەڵک لەگەڵ ڕێژیم ڕێک بخەنەوە و وەکوو گشتپرسییەکەی ١٢ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٨ کە دوو بژاردەیان بۆ خەڵک دیاری کردبوو، لە شەڕی نێوان عێراق و ئێرانیشدا جارێکی دیکە لە فکریەتی خەڵکدا دوو بژاردە ساز بکەنەوە کە یا بەرگری و هاوکاری ڕێژیم یان لەدەستچوونی خاک و نامووس و مەزهەب و پیرۆزییەکانی خەڵک!

بەو کارە جارێکی دیکەش توانیان خەڵکانی ئێران هەڵخەڵەتێنن و بۆ ماوەیەکی کاتی زۆربەی خەڵکی ئێران لەگەڵ خۆیان بخەن و کارێک بکەن کە خەڵک لە نێوان خراپ و خراپتر، خراپ هەڵبژێرن.

نموونە لەسەر ئەم بابەتە زۆرن بەڵام مەبەست لە نموونە هێنانەوە و ئاوڕدانەوە بە سەر مێژوودا ئەوە نییە کە بارودۆخی قەیرانئاویی ئێستەی ئێران لە کەس شاراوە بێت و پێمان وانییە لەدایکبوونی قەیرانگەلێکی تازەیش لە ئێراندا بۆ خەڵک بێگانە بێت، بەڵام ناسین و زانست لەسەر پیلانەکانی ڕێژیم لە ئێستادا زۆر هەستیارە و ئەرکی سەرشانی تاک بە تاکی کۆمەڵگای ئێرانە کە قەیرانگەلێک کە دەبنە هۆی ڕووخانی ڕێژیم و هەروەها ئەو قەیرانانە کە خودی ڕێژیم بۆ مانەوە و دەربازبوون لەو قەیرانانەی کە دەبنە هۆی ڕووخانی دەسەڵات و لە لایەن خودی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە پیلانی بۆ دادەڕێژدرێت لە یەکتر جیا بکەنەوە.

لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە چەند نیشانەیەک دەکەین بە مەبەستی ناسینی ئەو قەیرانانەی کە بۆ مانەوەی ڕێژیم وەکوو خوێنی تازەیە لە شادەماری گیانلەبەرێکی بریندار کە لە حاڵی مەرگدایە:

زۆربەی هەرەزۆری ئەو قەیرانانە بە شێوازی ڕووداو یان کارەساتێک سەر هەڵدەدەن بۆ خەوشدارکردنی هەست و ئیحساساتی خەڵک بۆ ئەوەیکە هاوکار بن بۆ دەربازبوون لە قەیرانە سەرەکییەکان، زۆربەی ئەو قەیرانە دەستکردانەی ڕێژیم مەودایەکی زەمەنی کورتیان هەیە و ڕێژیم یەک لە دوای یەک دەیانخولقێنێت.

چەند مەبەست لە پشتی ئەو ڕووداوانەن کە ڕێژیم بۆ خۆی خولقێنەریەتی کە بریتین لە:

بەلاڕێدابردنی فکری خەڵک لە کاتی خۆپیشاندانە ئێعترازییە گشتگیرەکاندا، پێکهێنانی کەشی ترس و ئەمنیەتی کردنی هێندێک ناوچەی هەستیار بە مەبەستی جێگیرکردنی هێزی زۆرتر لەو ناوچانە و ڕەواییدان بەو کارە، پێکهێنانی دوژمنی فەرزی بە مەبەستی ڕێکخستنی خەڵک لەگەڵ ڕێژیم، پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتە هەڵەکانیان و پاکانەکردن بۆ ڕێژیم کە هۆکاری بارودۆخی نالەباری ئابووریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نییە بەڵکوو دوژمنانی دەرەکین کە دژایەتیان لەگەڵ خەڵک هەیە و لەبیربردنی گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بۆ خەڵک.

نموونە زۆرن بۆ ناسینی قەیرانگەلێک کە ڕێژیم بە ئەنقەست و بۆ مانەوەی خۆی پێکی هێناون کە ئەوانەی ئاماژەیان پێکرا بەرچاوترینیانن کە پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلان و ڕووخانی ڕێژیم هەموو کەسێک شارەزایی هەبێت لەسەریان.

ئەو قەیرانانەی کە ڕێژیم زۆر لێی دەترسێ و وەکوو ئاڵترناتیڤێکی بەهێز دژ بە ڕێژیم دێنە ئەژمار زۆربەی هەرەزۆریان درێژمەودان و بە یەکجاری سەریان هەڵنەداوە، بۆ نموونە: بارودۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی ڕێژیم بە هۆی گەمارۆکانی ئەمریکا بە تایبەت پاش هەڵوشاندنەوەی ڕێککەوتنامەی ئەتۆمی، بێ هێزی ڕێژیم بۆ دەستێوەردان لە وڵاتانی دیکە، هێرشەکانی ئیسراییل بۆ سەر هێزەکانی ئێران و دەستوپێوەندییەکانی لە سووریە، عێراق، لوبنان، خۆپیشاندان و نارەزایەتی گەلانی نیشتەجێی ئێران لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان و هتد.

بەگشتی و وەک کۆتاقسە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ناسینی قەیرانی دەستکردی ڕێژیم و قەیرانگەلێک کە ئاڵتێرناتیڤی ڕووخانی ڕێژیمن گرینگییەکی تایبەتیان هەیە و ناسینی ئەو جۆرە قەیرانگەلە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیدا بگێڕێت».

**بارودۆخی نالەباری ئابووری و سیاسی کۆماری ئیسلامی چ لە نێوخوی ئێران و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیی هەلومەرجێکی قەیرانئاویی و مەترسیداری بۆ ڕێژیم پێک هێناوە؛ بە شێوازێک کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێری ڕووخان و لەناوچوون نزیکتر دەکاتەوە**

**ناسینی قەیرانی دەستکردی ڕێژیم و قەیرانگەلێک کە ئاڵتێرناتیڤی ڕووخانی ڕێژیمن گرینگییەکی تایبەتیان هەیە و ناسینی ئەو جۆرە قەیرانگەلە دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاکەرەوە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامیدا بگێڕێت»**

# ماردین ڕەحیمنژاد:

## ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی ئەوەیە کە لە ڕێگای ئەندازیاری کردنی زێهنی خەڵکەوە کێشە ساختاری و فەلسەفییەکانی پەردەپۆش بکات و هەر چوار ساڵ یان هەشت ساڵ جارێک بە قوربانیکردنی سەرکۆمارێک پێش بگرێت لە قووڵبوونەوەی خەڵک لە کێشە بنەڕەتییەکان

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

چوار ساڵی خولی دووهەمی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانی لە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی کۆتایی پێهات؛ لە مانگی جۆزەردانی ئەمساڵ لە شانۆگەرییەکدا بەناوی هەڵبژاردن کە زۆرینەی خەڵکی ئێران بایکۆتیان کردبوو، ئیبراهیم ڕەئیسی وەکوو سەرکۆمار بۆ ٤ ساڵی داهاتووی ئێران دیاری کرا. لەم وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «ماردین ڕەحیمنژاد» شارەزا لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دۆخی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانی لە ماوەی ٤ ساڵی ڕابردوو و داهاتووی ٤ ساڵەی ئێران بە هاتنەسەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی دەخەینە بەر باس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.
بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-حەسەن ڕووحانی و دەوڵەتی ناوبراو چییان لە یادگەی خەڵکی ئێران بەجێ هێشت؟**

لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا خەڵک لە ئێران تووشی قەیران و بارودۆخی ئەستەم بوونەوە، ئەم دۆخە ناڕەزایەتی خەڵکی بردە لووتکە و هەلی ڕەخساند بۆ حەسەن ڕووحانی کە پێشینەی پێنج دەورە نوێنەرایەتی مەجلیس و جێگری سەرۆکی مەجلیس و سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش و سەرۆکی ناوەندی ئەتۆمی و بە هێمای کلیل و ڕەنگی بەنەوش و دروشمی «تدبیر و امید» بێتە نێو گۆڕەپانەکەوە و لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی لە بەرانبەر قالیباف وەکوو ڕکابەری یەکەمی خۆیدا گووتی «من سەرهەنگ نیم یاسانامسم»! یانی من نامهەوێت بە زەبری هێز سیاسەت بکەم بەڵکوو بە چەسپاندنی یاسا وڵات ئیدارە ئەکەم؛ هەروەها گوتی «لەگەڵ هەڵسووڕانی سەنتریفیوژەکاندا ئەبێت چەرخی ژیانی خەڵکیش بسووڕێت» کە مەبەستی ئەوە بوو نابێ ئابووری وڵات بکەینە قوربانی وزەی ئەتۆمی. ئەم درووشمانە نیمچە هیوایەکی بە خەڵک بەخشیبوو کە بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، سەردەمی ڕەشی ئەحمەدینژاد لەبیر بکەن. بەڵام هاتنە سەر کاری حەسەن ڕووحانی هاوکات بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و هەڵاوسان و گرانی و دووقات بوونەوەی نرخی بێنزین و توندوتیژی و سەرکوتی بێبەزەییانەی ناڕازیان و توندوتۆڵتربوونی گەمارۆکان و بەرزبوونەوەی نرخی دراوە بیانییەکان، بەجۆرێک کە خەڵک لە تاوی کێشەکان تەنگەتاو بوون کە ڕەحمەتیان ناردەوە بۆ ئەحمەدینژاد. بە گشتی ڕووحانی بە سەرکۆمارێکی پۆپۆلیست و درۆزن کە گوتار و کردارەکانی دوو دنیای جیاواز بوون ناسرا. ئەمە ئەو بیرەوەرییەیە کە لە زێهنییەتی خەڵکدا بۆ سەردەمی ڕووحانی دەمێنێتەوە.

**- چوارساڵەی دووهەمی سەرۆکایەتی ناوبراو، خەڵک و ئێرانی بۆ چ لایەک برد؟**

چوار ساڵی دووهەمی سەرکۆماری ڕووحانی هاوکات بوو لەگەڵ هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ کە لەگەڵ هاتنیدا لە بەرجام کشایەوە و گەمارۆکانی گەڕاندەوە بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران. هەرچەند من لەسەر گەمارۆکان ڕام جیاوازە و پێم وانییە کە گەمارۆکان کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لە سەر ژیانی خەڵک هەبێت تەنیا لە بواری دەروونی و ڕەوانییەوە کاریگەری هەیە. نەمانی گەمارۆکان لە سەر کۆماری ئیسلامی کاریگەرییان هەیە و دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ بەهێزکردنی ئابوورییەکەی و پەرەپێدانی چەکوچۆڵ و پشتیوانی کردن لە گرووپە تێرۆریستییەکان کاریگەری هەیە نەک لە سەر خۆشبژێوی خەڵک و دامەزراندنی هەلی کار و پەرەپێدانی پیشەسازی و... ئەم شتەمان بە چاوی خۆمان لە دوای بەرجام و گەڕانەوەی میلیاردها دۆلار بۆ خەزێنەی دەوڵەت بینی کە هیچ ئاڵوگۆڕێک لە کەمکردنەوەی هەڵاوسان و خۆشبژێوی خەڵکدا ڕووی نەدا.

**-لە سیستمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئێراندا سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی ڕێژیم یەکێک لە دەسەڵاتەکانی ڕێبەرە و سەرکۆمار تەنیا جێبەجێکەری ئەو سیاسەتە دەبێ کە بەیتی ڕێبەری بۆی دیاری دەکات، ئایا سەرکۆمار دەتوانێت لە ڕاستای بەرژەوەندی خەڵک هەنگاو هەڵبگرێت؟**

پرسە جەوهەرییەکە لێرەدایە کە کێشەکانی کۆماری ئیسلامی پەیوەندییان بە سەرکۆمارەوە نییە بەڵکوو ئەمانە کێشەگەلێکی بنەڕەتی و ساختارین لە سیستمی سیاسی کۆماری ئیسلامیدا کە ناتوانێت لە دنیای ئەمڕۆدا لەگەڵ ئابووریی ئازاد و دنیایەکی کراوەدا خۆی بگونجێنێت، ئەم کێشانە کێشەی فەلسەفەی سیاسی کۆماری ئیسلامین کە لەلایەکەوە لە شانۆگەرییەکدا بۆ نمایشکردنی دێموکراسی، هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن و سەرکۆمار و نوێنەران هەڵدەبژێرن و لەلایەکیتریشەوە لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێبەر و فەرمانڕەوا و وەلی فەقیێ ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ڕەها لە خواوە وەردەگرێت و بەرپرسیار نییە بە خەڵک بەڵکوو ئەوە خەڵکن چاوەڕێی لۆتفی نوێنەری خودان. وەکوو حسەین تاییب لە دوایین هەڵبژاردندا وتی هەڵبژاردن بە واتای ئەوە دێت کە خەڵک فەرمانبەریی خۆیان بۆ فەرمانڕەوا بسەلمێنن. لەم ڕستە ڕوونتر بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی چی هەیە؟ ئەم کێشانە کێشەی ڕێژیمێکە کە بە عەقڵییەت و فەلسەفەی نەزمی سەردەمی ئیمپراتوورییەوە دەیهەوێت لە نێو نەزمی نوێی دنیادا کە وشیاری مرۆڤ گەیشتووەتە لووتکە و زانیاری و دانایی گشتگیر بوون و هەموو سنوورەکانیان تێپەڕاندووە، دەیهەوێت لەم نەزمە نوێیەدا بەپێچەوانەی شەپۆلەکانی زەریا کۆی سیستمی نێونەتەوەیی بۆ سەردەمی ئیمپراتووری بگەڕێنێتەوە و عەقڵییەتی خۆی بەسەر سیستمی نێونەتەوەییدا زاڵ بکات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی ئەوەیە کە لە ڕێگای ئەندازیاری کردنی زێهنی خەڵکەوە کێشە ساختاری و فەلسەفییەکانی پەردەپۆش بکات و هەر چوار ساڵ یان هەشت ساڵ جارێک بە قوربانیکردنی سەرکۆمارێک پێش بگرێت لە قووڵبوونەوەی خەڵک لە کێشە بنەڕەتییەکان. سەرکۆمار بەپێی یاسای کۆماری ئیسلامی کەسی دووهەمی ناو دەسەڵاتە و ڕۆڵی جێبەجێکاری ئەو سیاسەتانەی هەیە کە لە لایەن ڕێبەر و بەیتی ڕێبەری و کۆمەڵێک ناوەندی دەسەڵاتی دیکە دەخرێنە بەردەمی و ناتوانێت ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ژیانی خەڵکدا هەبێت.



**. بە سەرنجدان بەو ناڕەزایەتییە بەربڵاوانەی کە خەڵکی ئێران هەیانە لە دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسیدا دەتوانین شایەتی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بین؟**

درووستبوونی ئاڵوگۆڕ یان شۆڕش لە هەر وڵاتێکدا پێویستی بە کۆمەڵێک فاکتەر هەیە کە بریتین لەمانە:

یەکەم؛ نوخبەی سیاسی و ئابووری و فکری وڵات تووشی پەرتەوازەیی و دابەشبوون ببێت.
دووهەم؛ بایەخەکانی شۆڕش لەناو کۆمەڵگادا ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و خەڵک پشت لە بەها و نۆرم و بایەخەکانی شۆڕش بکەن و نۆرم و بایەخی نوێ هەڵبژێرن.
سێهەم؛ سیستمی سیاسی توانای وڵامدانەوەی داخوازییەکانی خەڵکی نەمێنێت.
چوارەم؛ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوازی هەڵبژاردن و ئاشتیانە و دێموکراتیک واتای نەمێنێت.
پێنجەم؛ قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری کە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا نەمابێت.
شەشەم؛ ڕای گشتی خەڵک لەدژی سیاسەتەکانی ڕێژیم بێت و خەڵک بڕوای بۆ چارەسەری کێشەکان لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە نەبێت.
حەوتەم؛ دروست بوونی ڕێبەرایەتی نوێ لە دەرەوەی دەسەڵات کە وەکوو مەرجەع ببێتە هۆی کۆبوونەوەی خەڵکی تووڕە و ناڕازی لە دەوری خۆیدا.
هەشتەم؛ پشتیوانی دەرەکی لە خەڵک.
ئەگەر سەیری فاکتەرەکانی سەرەوە بکەین دەبینین کە بەشی هەرەزۆری فاکتەرەکان بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئامادەن تەنیا ئەو دوو فاکتەرەی لەم نێوەدا بوونیان نییە نەبوونی ڕێبەرایەتی نوێ و پشتیوانی دەرەکییە لە خەڵک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی.

**-ئیبراهیم ڕەئیسی کە بەڵێنیی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئینقلابیی داوە، چۆن ئێران بەڕێوە دەبات و داهاتووی ئێران بۆ ٤ ساڵی دیکە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

نازانین مەبەستی لە دەوڵەتی ئینقلابی چییە! ئایا دەوڵەتە ئینقلابییەکە ڕووی لە ناوخۆیە یان دەرەوە! ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە شۆڕش هەناردە دەکات، ئەوە شتێکی نوێ نییە و هەناردەکردنی شۆڕش بەشێکە لە فەلسەفەی سیاسی کۆماری ئیسلامی و هەناردەکردنی تێرۆر و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بنەمای سیاسەتگوزاری ناوچەیی کۆماری ئیسلامی بووە.
ئەگەر ڕووی دەوڵەتە ئینقلابیەکە سیاسەتی دەرەوە بێت ڕەنگە بیهەوێت بە شێوازێکی بەربڵاوتر بێتە نێو گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و یارگیری نوێ بکات و ئەمە بە واتای بەرفراوانکردنی دەسەڵاتی سپای قودسە بۆ پەلهاویشتن لە ناوچەکەدا.
پرسیارەکە ئەمەیە ئایا کۆماری ئیسلامی لە سەکۆی هێزەوە دەیهەوێت ئەم پەلهاویشتنە بکات یان خەریکی پەلەقاژەیە و دەیهەوێت هەندێ هاوپەیمان قوربانی بکات بۆ پاراستنی خۆی؟ ڕەنگە بابەتێکی دیکەش لە ئارادابێت ئەویش شاخ بە شاخ بوون لە گەڵ ئامریکادا بە هاوکاری کۆمەڵێک هاوپەیمان لەوانە حیزبوڵڵا و حەشد و حووسیەکان و ...
ئەمە ڕستەیەکی ئیبراهیم ڕەئیسییە لە کاتی سوێندخواردنیدا کە وتی: «چ لە ئەمریکا بێت چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چ لە هەر شوێنێکی دنیا زوڵم بکرێت ئێمە لەگەڵ مەزڵوومەکانین» ئەمە واتای لەپێشگرتنی سیاسەتی هێرشبەرانەیە بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی مەزڵوومانی دنیا؛ بەڵام ئەگەریش مەبەستی لە دەوڵەتی ئینقلابی دەوڵەتێک بێت کە بە هەڵسوکەوتی ئینقلابی لە بەرانبەر نەیاران و هەروەها لەبەرانبەر کێشە ناوخۆییەکان دەجووڵێتەوە، ئەوە ئەتوانێت ئاماژە بە زیادبوونی توندوتیژی و داپڵۆساندنی دەنگە نەیارەکان و ئاوەڵاکردنی گۆڕەپانی سیاسییە بۆ حیزبوڵڵاییەکان لە چەشنی حەسەن عەباسی و سەعید قاسمی و ... . لەم یەک دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لە درووشم و پرۆگرامی کۆماری ئیسلامیدا درووست بوون. لەوانە گۆڕانی واتای «مستضعفین» بوو کە پێشتر بەجۆرێک هاوواتای پرۆلتاریای مارکسیزم بوو کە سەرجەمی هەژارانی دنیای لەخۆ دەگرت بەڵام دوای ئەو گۆڕانکارییە لە واتای مۆستەزعەفیندا هاتە ئاراوە بەشێکی هەرەزۆری کۆنەیار و کۆنەهاوڕێی کۆماری ئیسلامی لەژێر چەتری کۆماری ئیسلامی خرانە دەرەوە. ئەتوانین ئەم گۆڕانکارییە پاڵاوتنێکی یاران و هاوڕێیان ناوی لێبنێین.
من وادەزانم دەتوانین چاوەڕوانی دیکەشمان بۆ دەوڵەتی ئینقلابی هەبێت، یەکەم جارێکیتر تەسکترکردنەوەی بازنەی یارانی حیزبوڵاهییە و بەخشینی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکە پێیان بۆ ئەوەی ئاگر بە ئیختیار هێرش بکەنە سەر نەیاران.
گۆڕانکارییەک لەچەشنی چین کە لە یەک میلیارد و نیو خەڵکی ئەو وڵاتەدا تەنیا ئەو سەد میلیۆنە کە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستن مافی دەنگدانیان هەیە و هیچ حیزبێکیش غەیری حیزبی کۆمۆنیست مافی چالاکی پێنادرێت.

**. هەڵسوکەوتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ئیبراهیم ڕەئیسی کە ناوی بە ئیعدامەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی گرێ دراوە، چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

بەگشتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانیان پەیوەندی درووست دەکەن و چەمکی مافی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکانیان لە پەیوەندییەکاندا لەبەر چاو ناگرن و ئەمەشیان بەدرێژایی مێژوو سەلماندووە و لەگەڵ هەموو دیکتاتۆرەکاندا تا ئەو کاتەی بەرژەوەندی هەبووە بۆیان، لە پەیوەندیدا بوون .
ئەوەی ئەتوانێت گرینگی هەبێت گوشاری حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتانە و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کەسایەتییە ناسراوەکانن. بەمەرجێک ڕێکخستنێک هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو بەڵگەکان کۆ بکاتەوە و لەگەڵ نوێنەرانی پارلەمان و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان و ڕێکخراوەکان بکەوێتە دانوستان و وتووێژەوە.



# کۆختەی خەمان

**خەڵک ناویان نابوو «کۆختەی خەمان».**

**دوای ئەو کۆستە، لە سەر ترۆپکی گردەکەی پشت ماڵان، کۆختەیەکی چێ کرد و لە خەڵک و تێکۆشان دوور کەوتەوە و دەستی کرد بە نووزانەوە. شەو و ڕۆژ دەگریا و دەنووزایەوە. وەک ئەوەی هەر ئێستا ئەو نەهامەتییەی بە سەر هاتبێ.....**

**_ ئەمشەو لە هەموو شەوان زیاتری ناڵاند...**

**_ ناڵە و هاواری ئەمشەوی، گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد.**

**_ هەتا شەو زرینگاوە هەر دەنگی هات.**

**_ئەوە بوو بە سێ ساڵ. سێ ساڵی ڕەبەقە بەو خەمەوە دەتلێتەوە. ئەرێ بەس نییە؟**

**_وەڵڵاهی وایە.... دەبا بەسی کا... خۆ چاوی کوڕی وی لە چاوی کوڕی ئێمە ڕەشتر نەبوو...**

**_هیچ ماڵێک نییە لەم ڕێگایەدا قوربانی نەدابێ...**

**_ ماڵی وا هەیە دوو سێ کەسیان بوونەتە قوربانی و چ واش ناکەن.**

**_ عەمرت نەمێنێ پیاو.... بە خۆشی دەڵێ پیاو.... هەر خۆی تواندووەتەوە...**

**_ خۆی لە سەر ئەو خەڵکە شێت کردووە...**

**باوەگەورە گوتبووی: تەنیا ڕێگەی ژیان لەم وڵاتە، هێنانەوەی ئاوەکەی ئەودیو خەرەندەکەیە. باوەگەورە گوتبووی: ژیانی ئەمبەرەی خەرەند بە ئاوی ئەوبەر خەرەندەوە بەستراوەتەوە. کەوابوو هەر چۆنێک بێ دەبێ ئەو ئاوە بگەیەنینە ئەمبەرە. بۆ ئەو کارەش دەبێ دڵی خەرەندەکە شەق کەین. باوەگەورە گوتبووی: ڕێگەی ترمان نییە.... نرخی هەر چییەک بێ دەبێ بیدەین.**

**خەرەندێکی ئاسایی نەبوو. لە هیچ کوێ بواری نەدەدا. خەرەندێکی دڕ و بێئامان... بە سەدان ڕەوەز و هەڵدێرەوە....**

**زۆر کەس خۆیان گەیاندبووە ئەوبەری خەرەندەکە و هێندێکیش هەر لەمبەرەوە پێیەوە خەریک بوون. بڕیار وابوو جۆگەلەیەک بە ناو دڵی خەرەندەکەدا لێدەن. بە پاچ و پێمەڕە... بە قوڵینگ و بە هەرچی لە بەر دەستیان دابوو. زۆر کەس بە دڵەوە کاریان دەکرد و هی واش هەبوون شەکەت و ماندوو لە شوێنێک دادەنیشتن و دەیانگوت: بەم کەرەستانەی ئێمە لە بەر دەستمانە، هیچ کات دەرەقەتی ئەم خەرەندە نایەین.**

**خەرەندەکە عەزیایەک بوو بەردەوام قوربانی دەویست. بە سەدان و هەزاران کەس سەریان لەم ڕێگایە دانا. تەنانەت باوەگەورە و کوڕەکانیشی بەڵام گەل ئەستێور نەبوو و بەردەوام ڕۆڵەی دەدا بۆ قوربانی. جار هەبوو چەندین کەس لە ڕەوەزێکەوە هەڵدەدێران. وەک خەرەندەکە قووتی دابن، تەنانەت تەرمەکەشیان نەدەدۆزرایەوە بەڵام ئیتر خەڵکەکە پێی ڕاهاتبوون؛ بۆیە ئیتر لە هەڵدێران و تێداچوونیش نەدەسڵەمینەوە. بە پاچ و پێمەڕ کەوتبوونە گیانی خەرەندەکە و لە هەر دوو لاوە جەرگیان شەقار شەقار دەکرد. ئەوەی لەمبەرەوە بۆی هەڵنەسووڕابا، دەچووە ئەوبەر و ئەوی لەوبەر دەری نەبردبا، دەهاتەوە ئەمبەرە. ئەو کەسانەی لە ئاوی ئەوبەریان خواردبووەوە، دەیانزانی ژیان بێ ئەو ئاوە، چەندە چەتوونە...**

**هیچ کەس نەیدەزانی چۆن و کەی لەم خەرەندە ڕزگاریان دەبێ، بەڵام هەر هەموویان باوەڕیان بە قسەی باوەگەورە هەبوو کە گوتبووی: تەمەنی ئەم خەرەندەش هەتاهەتایی نییە و ڕۆژێک دادێ بە مەرگی پێدەکەنین...**

**_ خۆی شێت کردووە.**

**_ لە جیاتی ئەوەی شانازی بە کوڕەکەیەوە بکا...**

**_ خۆی لەم کۆختەیە خزاندووە و ملی لە لوورەلوور ناوە.**

**_ دەک داڕزێی پیاو!!!**

**لە هەر دوو لاوە جۆگەلە لێ دەدرا. جار هەبوو بەرد و خیز وەک جاڵە لە ژووررا دەهاتە خوار و بە تەپوتۆزەوە حەشری دەکرد. جۆگەلە و بەشێک لە خەڵکەکەی وەپێش خۆی دەدا و بەرەو بنی گەڵییەکە ڕایدەماڵین. وەک نەبای هاتبێ و نە بۆران، هەمیسان خەڵکەکە بە پاچ و پێمەرە دەکەوتنەوە گیانی خەرەندەکە و دڵیان شەقارشەقار دەکرد...**

**بەری بەیانی بوو. ئەستێرە تاقولۆق بە ئاسمانەوە دەیانجریواند. بەشێک لە خەڵکی ئاوایی بە پەژارەوە دەیانڕوانییە ئاگرەکە و هێندێکیش بە دڵەکوتەوە هەوڵیان دەدا بە هەورازەکەوە هەڵزنێن و خۆ بگەیەننە ئاگرەکە. بەشکوو نەهێڵن پیرەپیاو و کۆختەکەی بسووتێن.**

**پیرەپیاوەکان دەستەوستان، بەردەوام بە چۆکی خۆیان دادەدا :**

**_ پەکوو لەو مردنە دژوارە...**

**_ نەماوە.... بە دڵنیاییەوە سووتاوە.**

**_ لە کۆنەوە گوتویانە «ئاگر و ئاو بێ ئامانن».**

**_ کوڕە ئەە.... ئەگەر جەرگ و دڵ هەڵقرچا، چش لەو لەشە بێ بایەخەش...**

**زۆربەی خەڵکەکە بەو هەراهەرایە لە خەو هەستابوون و دارژابوونە کۆڵانەکان. گڕی ئاگرەکە بەژنە پیاوێک ڕادەبوون و دادەمرکانەوە. لە ئاوایی ژاوەژاوێک بوو کەس هۆشی لە کەس نەبوو. چەندین ژن لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە. بە پەرۆشەوە چاویان لە ئاگرەکە بڕیبوو و دەیانفینکاند :**

**_ دەک کوێراییم دابێ..**

**_ عاقیبەت بەخێر نەبوو.... ئەویش عاقیبەت بەخێر نەبوو...**

**_ وەی وەی وەی لەو کۆستە گەورەیە...**

**لەم بوومەلێڵەدا، لەناکاو بە شکۆیەکی سەرسوڕهێنەرەوە چووە سەر گابەردەکە. سێ ساڵ بوو هیچ کەس ئاوا ڕێکوپێکی نەدیتبوو. بە جامانەی سەری و خەنجەرە دەسک ماهەکەی بەر پشتێندی، مێرانەتر دەهاتە بەر چاو. قیت و قنج و بێدەنگ، لە سەر گابەردەکە ڕاوەستا. گڕی لە چاوان دەباری. هەیبەتێکی سەیری پێوە دیار بوو. خەڵکەکە بە حەپەساوی و سەرسوڕمانەوە بزەیان هاتە سەرلێو. لە دەوری گابەردەکە کۆزیلکەیان بەست. بوو بە هەڵڵا و ژاوەژاو...**

**_ گەڕاوەتەوە سەر دۆخی جاران...**

**_  دەک بە بابەوەت لە بەر مرم... پیاو ئەوەیە ها...**

**_ گەڕاوە... دواجار گەڕاوە.**

**_ دەمزانی ڕۆژێک دادێ بگەڕێتەوە.**

**هەموو چاویان لە زاری ئەو بڕیبوو. دواجار لێوەکانی لە ژێر باری قورسی سمێڵە سپییەکانیدا جووڵانەوە. بە گوڕ و تینەوە نەڕڕاندی: خەڵکینە .... هیچ کەس بۆی نییە بگەڕێتەوە. دەچینەوە ویزەی خەرەندەکە. دڵنیام دەرەقەتی ئێمە نایە...**

**قوڵینگەکەی دانا سەر شانی و بەرەو دڵی خەرەندەکە وەڕێ کەوت....**

**عەلی سۆهرابی**

من خەونی دارێکم دەدیت
کە هەزار هەزار ساڵ ژیابوو
من خەونی دارێکم دەدیت
کە برینی هەزار هەزار ساڵی پێوە بوو
هەزار هەزار داس و مشار لە بەر لاقی دار شکابوو .

نازانم کەی خەوتم
نازانم بۆ خەوتم
من خەونی دارێکم دەدیت.

بەڵام ڕاوەست؟
بەڵام ڕاوەست؟
کە ئەم دارە بۆچی وایە.

نە گەڵای هەیە نە ڕووتە
نە زەردە و نە سەوزە
نە تەڕە و نە ویشک
نە ئازادە و نە بەسراو

تینویەتی چاوی لە ئاو
چاوەکانی پڕپڕ لە ئاو
دڵی دابوو لە چەنگی خۆڵ
دڵی دابوو لە گۆڵی قوڵ
دەیگوت ئەمە خۆڵی منە
دەیگوت ئەمە گۆڵی گۆڵە.
چوار دەوری دار گیرابوو

لایەک ئاور      لایەک بیور
لایەک مشار  و  لایەک داس
بەڵام دارە هەر وا دەیگوت
کە ئەم خاکە خاکی منە .

تاریک ببوو
خۆر بوو
تاریک ببوو
ڕەش پۆشەکان تیشکی ڕوناکییان لێ دزیبوو
لایە لایەی شەویان دەخوێند .

بە هاواری شاخەکانی چاوم کەوتە گەڵای ژێر دار
ژێر ئەم دارە پڕ لە گەڵا .

گەڵای تازەی بەهاری جوان
گەڵای گەورەی هاوینی خۆش
گەڵای زەردی پاییزی کۆچ .

ئێرە دەڵێی زوستانە
ئێرە دەڵێی کوردستانە

من ئەو خەونەم پێشتر دیبوو
بەڵام ئەم جار نەدەترسام .

من ئەو خەونەم پێشتر دیبوو
ئەدی بۆچی ڕانەوەستام

هیچم نەوت
هیچم نەوت

دەستەکانم بوون بە زمان
چاوەکانم بوون بە زمان
لاقەکانم بوون بە زمان
گوێچکەکانم بوون بە زمان

هاوارم کرد دەنگم نەبوو
دەنگی هاوارهی من نەبوو
من خەونی دارێکم دەدیت
خەونەکەی من ئەم دارە بوو
خەونی دارە بارانێک بوو
بارانەکە تاوانێک بو و
ناوی خۆشی تاوانەکە
ڕزگاری و ئازادی بوو...

سالار کەماڵی

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :804 6 August 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتیان:

شەوی شەممە ٢ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم تاریموورادی»، تەمەن ٥٥ ساڵ، کوڕی محەممەدساڵح و خەڵکی گوندی «ئەمرۆڵە» سەر بە سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
شەوی شەممە ٢ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەژاڵ ئەمینی»، کچی ڕەسووڵ و خەڵکی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی دووشەممە ٤ی گەلاوێژ، چوار هاووڵاتی بە ناوەکانی «عێرفان نادری، پوویا نادری، پەرهام نادری و ئەفشین حەموودی»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراون.
ڕۆژی دووشەممە ٤ی گەلاوێژ، هێزە ئەمنییەتییەکان بە بێ بەڵگەی یاسایی هاووڵاتییەکی دیکەیان بە ناوی «ئەنوەر مەلەکی» خەڵکی شاری بۆکان دەسبەسەر کردووە و بۆ یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ ڕاگواستووە.
ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ، عەزیمە ناسری، هاووڵاتیی کوردی خەڵکی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلام کوردە» کوڕی زورار و خەڵکی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شەمزین محەممەدی» خەڵکی گوندی «ئاڵیکەند» سەر بە شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٥ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فواد حەبیبی»، خەڵکی دیواندەرە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.
سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «چیا ئاغابەیگ پوور»، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» سەر بە بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
پاش نارەزایەتی دەربڕینی دانیشتووی گەڕەکی پەراوێزخراوی «دەرەدرێژ»ی شاری کرماشان، بەنیسبەت پچڕانی کارەبا و نەبوونی ئاو و هەروەها پشتیوانی لە هاووڵاتییانی خووزستان، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سێ هاووڵاتی بە ناوەکانی « ئەرکان بەهرامی»، «خەلیل ڕەمەزانی» و «خالید میرزایی»، خەڵکی شاری سەلاسی باوەجانی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هێمن قەرەداغی»، کوڕی حوسێن و خەڵکی گوندی «ئیندرقاش» سەر بە بەخشی ناوەندیی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «ڕزگار عەینالوو»، کوڕی ئەمیر و «ئەحەد سۆنە»، کوڕی ڕەحیم و خەڵکی گوندی «ئیندرقاش» سەر بە بەخشی ناوەندیی مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان لە مەهاباد، ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی «کاوە سلێمانپوور»، خەڵکی گوندی «خورخورە»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «سۆران دوورباش» و«ئاکۆ دوورباش»، خەڵکی گوندی «خانەگێ» سەر بە مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
سەرلە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١١ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دیار سلێمانپوور»، خەڵکی گوندی «خورخورە» سەر بە مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی شوێنێکی نادیار کراوە.
ڕۆژی دووشەممە ١١ی گەلاوێژ، شەش هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «فەرهاد مەعرووفی»، کوڕی حەسەن، خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»، «ڕەحمان ئەسەدی»، کوڕی مەحموود، خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»، «عوبەید ئەنوەری»، کوڕی ڕەحیم، خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»، «حەسەن شادیخا» خەڵکی گوندی «سینگان»، «ڕێبوار چارکداری»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی محەممەد، خەڵکی شنۆ و «جەلال قادرزادە»، کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی «نەڵۆس»، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

### بانگهێشت کردن و لێپرسینەوە لە هاووڵاتیان:

ڕۆژی دووشەممە ٤ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خەلیل عەینی»، خەڵکی گوندی «سینگان» سەر بە شنۆ، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شنۆ، لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە.

### پشکنینی ماڵی هاووڵاتیان:

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی گەلاوێژ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عوسمان مورادیان» و «شایستە مورادیان»، خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» سەر بە سنە، ماڵەکانیان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە پشکێندراوە.

### کەمکردنەوەی حوکمی زیندانی:

حوکمی زیندانی ئەرەستوو مەلاڕەحیمی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەهاباد لە لقی ١٣ی دادگای پێداچوونەوەدا لە ورمێ، کەم کرایەوە.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

باپیرە بەرزە و کەیوان نژادرەسووڵ، دوو زیندانیی سیاسیی خەڵکی پیرانشار بۆ زیندانی کراوە ڕاگوێزران. پاش قەبووڵکردنی بەرپرسانی قەزایی لەگەڵ داواکاریی ئەو دوو زیندانییە سیاسییە لەمەڕ ڕاگواستنیان لە زیندانی داخراو بۆ زیندانی کراوە، ناوبراوان بۆ زیندانی کراوە ڕاگوێزراون.
لقی ٢٨ی دادگای پێداچوونەوەی مازەندەران، حوکمی ڕاگواستنی موژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کوردی بۆ یەکێک لە زیندانەکانی پارێزگای ئەلبۆرز و نزیکترین زیندان بە شوێنی نیشتەجێبوونی ناوبراو دەر کردووە.
ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی گەلاوێژ، پارێزەرێک بە ناوی «جەواد عەلی کوردی» پارێزەری دادگوستەری و ئەندامی پێشووی شۆرای شاری سەبزەوار، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی وەکیلاوای شاری مەشهەد کرا.
ڕۆژی هەینی ٨ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولعەزیز گوڵمحەممەدی»، خەڵکی ورمێ دەسبەسەر کرا و بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

### مانگرتنی زیندانی:

ڕۆژی شەممە ٩ی گەلاوێژ، ئیرەج سۆفی محەممەد، زیندانیی مەزهەبیی بەندکراو لە زیندانی ورمێ لە نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ دژایەتیکردنی بەرپرسان لەگەڵ ڕاگواستنی ناوبراو بۆ زیندانی مەهاباد دەستی دایە مانگرتن.

### مەحکووم بە زیندان و سزای نەختی:


لقی ٤ی دادگای پێداچوونەوەی سنە، سامان کەریمی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی بانەی بە ٩ ساڵ زیندان مەحکووم کرد.
بەپێی حوکمی دادگای پێداچوونەوە کە ڕۆژی شەممە ٢٦ی پووشپەڕ بەسەر سامان کەریمیدا سەپێندرا و ڕاگەیەندراوە، ئەو زیندانییە سیاسییە بە تۆمەتی «کۆبوونەوە و تەبانی بە ئامانجی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی»، بە ٤ ساڵ زیندان، بە تۆمەتی «ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران»، و هەروەها بە تۆمەتی «پرۆپاگەندە دژی نیزام»، بە ١ ساڵ زیندان، مەحکووم کراوە.
هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلاح بەهرامییان» خەڵکی گوندی «گوندەوێڵە» سەر بە شنۆ، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی شنۆ بە سەرۆکایەتی دادوەر «ڕەزایی»، دوو ساڵ زیندانیی تەعزیریی بەسەردا سەپاوە.
لقی ١ی دادگای ئینقلابی ورمێ، چالاکێکی مەزهەبیی کوردی بە ناوی «جەعفەر ئوسافی» کوڕی ئەحمەد، تەمەن ٣١ ساڵ و خەڵکی بۆکان بە ٧ ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرد.
سومەیە کارگەر، چالاکی مەدەنیی خەڵکی ئیلام، لەگەڵ چوار کەسی دیکە بە ناوەکانی «ناهید تەقوایی، بەهارە سلێمانی، نازەنین محەممەدنژاد و مێهران ڕەئووف، لەلایەن لقی ٢٦ی دادگای ئینقلابی شاری تاران بە سەرۆکایەتی دادوەر «ئیمان ئەفشاری»، سەرجەم بە ٣٨ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کران.


### تووشبوونی زیندانی بە کۆرۆنا لە زیندان:


سەلاح شەریفزادە، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی بۆکان لە زیندانی خەڵخاڵ تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە. سەرچاوەیەکی ئاگادار وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە بە کوردپای ڕاگەیاندووە: «بارودۆخی جەستەیی ئەو زیندانییە سیاسییە نالەبارە و هەتا ئێستا بەرپرسانی زیندانی خەڵخاڵ بۆ چارەسەری پزیشکیی ناوبراو هیچ هەوڵێکی جیددییان ئەنجام نەداوە».

### کوژران و برینداربوونی هاووڵاتیان:

شەوی سێشەممە ١٢ی گەلاوێژ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەلی عەبدوڵڵا»، خەڵکی سەردەشت، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران لە سنووری ئەو شارەدا بە توندی بریندار بووە.







### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران وکاسبکاران:

ڕۆژی دووشەممە ٤ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فەرەیدوون ساڵحی»، خەڵکی بۆکان، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «هەنگەژاڵ»ـی بانە گیانی لەدەست داوە و چەندین کۆڵبەری دیکەش بریندار بوونە.
شەوی چوارشەممە ٦ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ڕەسووڵ مەولانی»، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری «بریۆشکانێ»ی بانە، بریندار بوو.
ڕۆژی دووشەممە ١١ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێک بە ناوی «ناسر خورشیدی»، خەڵکی بانە بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە بەرزاییەکانی سنووری ئەو شارە بریندار بووە.
ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی گەلاوێژ، لە ئاکامی پێکدادانی ماشینێک لە جۆری تویوتا ئیستێیشێن لەگەڵ ماشێنێکی دیکە لە جۆری تویوتا 3Fلە جادەی «کەریماوا»ی بانە، دوو کەس کوژراو و هەشت کەسی دیکەش بریندار بوونە.

### ئێعدام:

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١١ی گەلاوێژ، حوکمی لەسێدارەدانی سێ زیندانی بە ناوەکانی «سێپێهر عەبباسنژاد»، کوڕی بەهمەن، خەڵکی گوندی «تولەکی» سەر بە ناوچەی تەرگەوەڕی ورمێ، «ئەسکەندەر زارع»، کوڕی ئیبراهیم، خەڵکی گوندی «زندەشت» سەر بە سەڵماس و «حەمزە ڕەزایی»، کوڕی ڕەزا و خەڵکی گوندی «قەسرک» سەر بە سەڵماس، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کرا.

### گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی گەلاوێژ، کرێکارێک بە ناوی «عەتا سەعید ئەفشار» خەڵکی گوندی «کانیسانان» سەر بە مەریوان، بەهۆی جەڵتەی دڵ، لە شاری هەڵەبجە گیانی لەدەست دا.

KURDPA